

# ڕۆڤار

بڵاوكراوەیەكی ڕۆشنبیرییە
و هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك
ژمارەی ٦٤

# ناڵی

## خۆرێك هەمیشە بەسەر سەرمانەوە

پرۆژەی هاوبەش

**بەشداربووان**

د. مارف خەزنەدار

مەسعوود محەمەد

قەڵەمکێش و تابلۆی سەر بەرگ:

قەرەنی جەمیل

**ژمارەکانی داهاتوو:**

ئەنوەر قادر محەمەد

پیربال مەحموود

مەم و زینی ئەحمەدی خانی

مەحوی


سەرپەرشتیاری گشتی: دلشاد عەبدوڵڵا
ستافی ڕۆڤار: یاسین عومەر / سەباح ڕەنجدەر
دەرهێنەری هونەری: حەمید ئازمووده
ڕۆڤار : بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە/ هەر ژمارە تایبەتە بە داهێنەرێک
ناونیشان: هەولێر -شەقامی گوڵان-دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
سلێمانی -شەقامی سالم -دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم



ژمارەی تەلەفۆن سەرپەرشتیاری گشتی :
کۆرەک: ٠٧٥٠٤٥١٢٧٨٦ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٣٢١٤٥
Email:d.abdullah@araspress.com

# نالی

## خۆرێک هەمیشە بەسەر سەرمانەوە

### ژیان و بەرهەم

دڵشاد عەبدوڵڵا

**هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو!**

پیرەمێرد لە پێشوازی دیوانی نالی ـ دا دەنووسێ: "تەقریبەن نەوەد ساڵ لەمەوپێش، ڕۆژێکی ڕەنگ زەردی پایز کە شینایی ئاسمان غوبارێکی کیپف دایپۆشیبوو، لە دەمەدەمی بەیانیدا پیرێکی سەر و ڕیش سپی ئیفتادە، مێزەر بە سەر، بە مات و مەلوولی، لە پشت ئەسپێکی بە کورتانەوە ڕوو بە (وەیس) لە سولەیمانی دەرچوو. لە دوایەوە غەیری چەند فەقێیەکی خانەقا نەبێت، تەشیع کەرێکی نەبوو.... " پاشان دەنووسێ: "دڵی نالی قیووڵی مانەوەی نەکرد لە وڵاتەکەیدا". "مەردانە پێی نا بە دڵیا، خەیاڵی "حەبیبە"ی خستە ئەو لاوە، ڕوو بە مەجهولات، بە غوربەت سەری نایەوە". "بە ئارەزوو ئیختیاری خۆی تاجی (ملک الشعرا)یی لەسەر خۆی فڕێ داو نایە ژێر پێیەوە، چونکە لە نەزەر ئەودا موڵکی بێ تەخت و شاعیری بێ تاجی ئەویست".

مەلا خدر نالی، یان نالی ئەفەندی کوڕی ئەحمەد شاوەیسی مکایەڵیی جافە و نازناو یان تەخەلوسی شیعریی (نالی)یە. لە گوندی خاک و خۆڵی شارەزوور لە دایک بووە. سەبارەت بە زانیاریی لەبارەی باوکی شتێکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە و نەزانراوە کە مەلا بووە، یان وەرزێرێکی تەخوێندەوار، بەڵام دیارە خێزانێکی هەژاری بووە. دایکی نالیش نەناوی زانراوە نە دیاریشە لە چ خێزان و تیرە و عەشیرەتێکە، هێندە هەیە کە پێ دەچێ باوکی نالی زوو مردبێ و هەر تەنیا ئەو تاقانە کوڕەشی لەپاش بەجێ مابێ و دایکی ئەرکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆ و هەر زوو خستوویەتییە بەر خوێندن.

بە گوێرەی ئەو سەرچاوە نووسراوانەی هەن کەمترین زانیین لەبارەی ساڵی لە دایک بوون و چۆنییەتی ژیان و نووسینی بەرهەمەکانی لەبەر دەستماندایە و ئەو کەمەی هەیە بەشی ئەوە ناکات بایۆگرافییەکی دروستی لێ بنووسرێتەوە. نالی کە گرنگترین شاعیری سەدەی نۆزدە و دامەزرێنەری ڕێنیسانسی ئەدەبی کوردی و دارێژەری ناوەندی نوێی زمانی ئەدەبی یەکگرتووە بە ناوەڕۆک و فۆرمێکی تازە، کەچی ڕووداو و بەرهەمی ئەو نوێکەرەوە گرینگە تۆز و گەردی نەزانین و بزر بوون دایپۆشیوە. ئەگەر چی چەندین دەستنووس و بەیازی لە دوا بەجێ ماوە کە هاوزەمانانی بە پچڕ پچڕی تۆماریان کردوون، هەر هەمووشیان جگە لەو دەقە شیعریانەی کە ژمارەیان لە نێوان ١٢٠ـ ١٣٠ دەق زیاتر نین و ناچێتە عەقڵی هیچ کەسێکەوە شاعیرێکی ئاوەها کە دۆست و غەیرەزمان شایەتی بلیمەتی و شکۆمەندیی و زانایی بۆ دەدەن، هەر هێندە بەرهەمەی هەبێ. خۆ ئەگەر هەوڵ و کۆششی کەسانی وەکی کوردی و مەریوانی و عەلی موقبیل و گیو موکریانی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مارف خەزنەداریش نەبان، ئەوا بە شێکی زۆری ئەو دەستنووسانە دەفەوتان و کەس ئاوڕیانی لێ نەدەدایەوە. ئەوەی ئەوانیش کردوویانە تەمومژی لە دەوری ئەو شاعیرە کەم نەکردۆتەوە، بە پێچەوانەوە تەمومژەکە خەستتر و قووڵتر بووە. باپێکەوە بەشێک لەو لاپەڕانەی ژیان و بەرهەمەکانی هەڵدەینەوە و لەو شوێنانەی پێویستە تەمومژەکان دیاری بکەین.

نالی لە ساڵی ١٧٩٧، یان ١٨٠٠ی زاین، یان زووتر لە دایک بووە! محەمەد ئەمین زەکی بەگ ١٢١٥ـ١٢٧٣ی کۆچی بۆ داناوە کە دەکاتە ١٨٠٠ـ١٨٥٦ی زاین، هەرچی عەلادین سەججادییە ١٢١٧ـ١٢٧٥ی کۆچی بۆ داناوە کە دەکاتە ١٧٩٧ـ١٨٥٥ی زاین، د. مارف خەزنەدار ١٢٢٠ـ١٢٧٦ی داناوە و سدیق بۆرەکەییش لە بەیازێکدا دۆزیویەتەوە کە ١٢١٢ـ١٢٩٥ـە، واتە نالی بەو حیسابانە ٥٨، یان ٥٦، یان ٨٣ ساڵ ژیاوە.

ساڵی کۆچی دوایی نالی بە گوێرەی دەستنووسێکی عوسمانی کە د.عەبدوڵڵا حەداد بڵاوی کردۆتەوە و لە کتێبی "نووسەرانی عوسمانلی ـ محەمەد تاهیر بورسەلی" وەرگیراوە ١٢٩٠ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٧٢ـ١٨٧٣ زاین لە حەج گەڕاوەتەوە ئەستەمبوول و دواتر لەوێ مردووە، کەوا بوو ١٨٧٣ی زاین بۆ کۆچی دوایییەکەی ساغ بۆتەوە. ئەوەی زانراوە و هەیە تەمومژی سەر ژیانی نالی نەڕەواندۆتەوە، چونکە ئەو وەکی خۆرێک وایە هەرچەندی بتەوێ لێی نزیک بیتەوە تیشک و گەرمای زۆری دووورت دەخاتەوە، نهێنی کەسانی وا میحوەری و موعجیزە وایە، ئەوان سیحر و ئەفسوون لە دەوری ڕووداوەکان دروست دەکەن و ئەنجام خۆشیان دەبنە لوغز، بۆیە ئاساییە ئێمەی دیدالۆس کە باڵمان لە شەمییە کە دێن لەتەبەشی پڕ گڕ و ڕووناکی ئەو خۆرە نزیک دەبینەوە باڵمان دەتوێتەوە و لە هەزار بە هەزاری دۆڵی عاسیدا دەکەوینە خوار و لەو کەوتنە خوارەوەیەشدا مانا و جوانییەکی قووڵ و شیرین دەدۆزینەوە، ئەوان هەموو شتێکی ئەو بوونە لە بەهرەی خۆیاندا دەتاڵێنن، کە دەستیان لێ دەدەین بۆن و بەرامەی ئەوانی پێوەیە.

ماوەی زیاتر لە مانگێکە سەر لەنوێ دیوان و ئەو کتێبانەم خوێندەوە کە لێرە و لەوێ شتێکیان لەبارەی ئەو شاعیرەوە نووسیوە، مەبەستیش دوو لایەنە بوو، یەکیان بۆ ئەوەی ژمارەیەکی "ڕۆڤار" بۆ نالی ئامادە بکەین و ئەوەی تر بۆ تیژکردنەوەی زاری شیعر و فێربوونی زمانێکی پوخت و پڕ سەلیقە لەو قوتابخانە شیعرییەدا، هەردووکیان بە پیت و فەر بوون.

وەکی پێشتر نووسیم نالی لە کۆتایی سەدەی هەژدە لە دایک بووە و هەر ئەوەش ڕێی تێ دەچێ، هەرچەندە ئەو سێ و چوار ساڵەی سەدەی هەژدە کارێکی ئەوتۆ ناکەنە سەر گشتی ڕووداوەکانی ژیانی ئەو شاعیرە، بەڵام هەر نەزانینی عەیبەیە بۆ میللەتێک کە ساڵی لە دایکبوون و کۆچی شاعیرێکی ئاوهای خۆی نەزانێ، تاکە پاساوێک کە هەبێ بۆ ئەو نەزانینە ژیانی پڕ لە نەهامەتی و بێ کیانی میللەتەکە خۆیەتی کە بۆتە مایەی هەموو جۆرە

دواکەوتنێک. ئەگەر نالی -یش لەناو نەتەوەیەکی خاوەن کیان و بەسەروبەر بوایە ئاوها نەدەبوو. ئێستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم لەناخەوە گریانم بۆ ڕەمزێکی پایەداری نەفس بەرز دێ چۆن لەناو قەومی بەسیتدا بۆتە عەکسی قەمەر لەناو گۆمی لێخندا.

هەر لەگەڵ یەکەم چاپی دیوانی نالی ـ دا لە ساڵی ١٩٣١ لە لایەن کوردی و مەریوانییەوە لە بەغدا بڕێک زانیاریی لە بارەی ساڵی هاتنە دنیا و حەبیبە و شتی تر تۆمار کراون و دواتریش لە چەند شوێنێکدا دووبارە کراونەتەوە. بەبێ ئەوەی سەرچاوە و بناوانی دیار کرابن. بۆ نموونە لەم دیوانەدا ساڵی هاتنە دنیای شاعیر بە ١٢١٥ی کۆچی و بەرانبەرەکەی ١٧٩٧ە زاین – دیاریکراوە (ڕۆژ و مانگ دیار نین)، عەلی موقبیل و عەلادین سەججادی هەمان ساڵیان دووبارە کردۆتەوە. کەچی د. مارف خەزنەدار لە بەرانبەر ئەو ساڵەی کۆچی بە گوێرەی جەدوەلی تۆریێلی ئەرمەنی کردوویەتیە ١٨٠٠ی زاین.

ئێمە لەم بایۆگرافییەدا پشت بە ١٧٩٧ی زاین دەبەستین، کە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵی لە دنیا دەرچوونی شاعیر کە ١٨٧٣ـ یە، دەردەکەوێ نالی ٧٦ ساڵێک ژیابێ، پێم وایە هێشتا گومان لە ١٧٩٧یش هەیە بە گوێرەی ئەوەی د. سدیق بۆرەکەیی لە بەیازێکدا دیوویەتی، یان ئەو قسەی مەلا عەبدوڵڵا جەلیزادەی باپیری مەسعوود محەممەد کە ساڵی ١٨٧١– ١٨٧٢ نالی لە مەککە دیوە کە زۆر پیر بووە، لە شوێنێکی تریشدا وتراوە،کە نزیکەی هەشتا ساڵێک بووە. بەهەرحاڵ ١٧٩٧ یان چەند ساڵێک زووتریش گونجاوترە لەگەڵ ئەو قسانەی سەرەوە.

نالی لە سەرەتای تەمەنی منداڵی تا دەوروبەری هەشت نۆ ساڵی هەر لە خاک و خۆڵ ماوەتەوە و لەوێ خراوەتە بەر خوێندن، چونکە لە شیعرەکانیدا هەروەکو هەریەک لە د.مارف خەزنەدار و مەسعوود محەممەد بۆی چوون، ئەو خۆشەویستی و سۆزەی کە لە شیعرەکانیدا دیارن لە بەرانبەر زێد و مەڵبەندی لە دایکبوون و منداڵی گەواهی بۆ ئەوە دەدەن کە شاعیر پێ دەچێ تا ساڵی ١٨٠٧–١٨٠٨ نەچووبێتە شار و پەیوەندی بە شارستانەوە نەبووبێ. پاش خاک و خۆڵ بۆ خوێندن چۆتە قەرەداخ و لەوێ لەتەک خوێندنی قورئان زمانی فارسی و عەرەبیشی خوێندووە. قەرەداخ مەڵبەندێکی گرینگی زانستەکانی ئیسلام و زمانی عەرەبی بووە و زانا و مەلای دیار و ناوداری لێ بووە. دواتر بۆ خوێندن چۆتە سلێمانی و لەلای مەلاکانی ئەوێ خوێندنی تەواو کردووە و لە مزگەوتی سەید حەسەن ژوورێکی وەرگرتووە و بۆتە مەلا و هاتووچۆی خانەقای مەولاناشی کردووە. کەچی لە دیوانی نالی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا هاتووە کە نالی ژووری لە خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی هەبووە لەگەڕەکی (دەرگەزێن). بۆ خوێندن و بۆ مەلایەتی زۆر ناوچە و شوێنی کوردستان گەڕاوە لەوانە، زەردیاوای قەرەداخ، سنە، سابلاخ، هەڵەبجە و ئینجا سلێمانی جێگیر بووە. بە پێی هەندێک گێڕانەوە چۆتە کۆیە بۆ خوێندن و هاتۆتە هەولێریش و لە خانەقاکەی ماوەیەک ماوەتەوە.

فەقێ تا دەبوو بە مەلا جگە لە قورئان دەبوو زانستەکانی نەحوو سەرف و ئینشا و عروز و تەسەوف و حقوق و اصولی فقە و تەفسیر و حیساب و چی و چی بخوێنێ، دیارە نالی – یش ئەو هەموو زانستانەی خوێندووە و شارەزاش بووە تێیاندا.

لە ژیان و ئەزموونی نالیدا چەند وێستگەیەکی گرینگ هەن، یەکێک لەوانە خۆشەویستی "حەبیبە"یە، کە کەس نازانێ ئەو ناوە خوازراوە، یان ڕاستەقینەیە، یان لە وشەی یار و دولبەرەوە وەرگیراوە، ئەوانە مەبەست نین، مەبەست ئەو خۆشەویستییە شێتانەیە کە هەناوی نالی هێناوەتە جۆش و جیهانی وەک جینان کردووە بە مەئوا، حەبیبەی ماڵیاوا ماڵی ئاوا! ئەو ماڵیاوایەش مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، چونکە ئاواییەک نییە لە ناوچەی قەرەداخ و شارەزوور بە ناوی ماڵیاوا. ئەو خۆشەویستییەی کە نەگەیشتۆتە هەتا سەرنانەوەی یەکجارەکی هەر لەگەڵیدا بووە، لە دڵ و دەروونیدا بووە.

وێستگەی تری ئەزموونی نالی دامەزراندن و نووسین بووە بە شێوەزاری سلێمانی و هەوڵی بۆ لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکانی کوردی و دواتریش بە پشتگیریی ئەحمەد پاشا پێ دەچێ ڕاو تەگبیرێک لە ئارادا بووبێ بۆ ناوەندێکی لەو شێوەیە کە ببێتە یەکێک لە ستوونەکانی پێکهێنانی کیانی نەتەوەیی.

پێشتر ئەدەبی کوردی بە شێوەزاری گۆران نووسراوە، نالی هەرچەندە خەڵکی شارەزوورە، بەڵام هاتووە بە شێوەزاری سلێمانی نووسیویەتی کە مەڵبەندی ئیمارەتی بابان بووە، ئەگەر چی زمانی ئیمارەت زیاتر فارسی، یان عەرەبی بووە ئەوە نالی –یە بۆتە پێشەنگ و بە کوردی نووسیوە.

ئەو پەیوەندیەی نالی بە دەسەڵاتدارانی بابانەوە بەگشتی و بەتایبەتی لەگەڵ سولێمان پاشا و دواتر ئەحمەد پاشای کوڕی کە پێ دەچێ لەگەڵ نالی هاوتەمەن بووبن، پەیوەندییەکی "خادیمی مەخدومییە و ماقووڵی ناماقووڵییە" پەیوەندی "هود هود و سلێمان"ە. نالی پێویستی بە چوارچێوەیەک بووە بۆ خەونەدیدەییەکەی ئەو چوارچێوەیەش دەبوو ئیمارەتی بابان بێ.

ڕەهەند و وێستگەیەکی تری ئەزموونی شیعریی نالی لەو سەردەمەدا ئەو تەبع توندییەتی لەگەڵ شێخ و دەرویش و زکر و ڕیایان. (بنواڕە وشکە سۆفیی و ڕەقسی بە هەلهەلە، دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە) یان (سۆفی چییە ئیشی تۆ هەر کایە حەشیشی تۆ!) یان (شێخیی و سەر لنگە دەستاڕی بە دەستاری بوزورگ..) (ڕیشەکەی پان و درێژە بۆ ڕیا خزمەت دەکا، زاهیرە هەرکەس بە تول و عەرزی ڕیشیدا ڕیا).

ئەو دوو وێستگەیەی دەسەڵاتی بابان و هی شێخ و سۆفی

هەردووکیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە بەسەر شاعیرەوە دواتریش لە نەگەڕانەوەی لە شامەوە بۆ وڵات. ئەو دوو لایەنە یەکیان بە ئیجاب و ئەوی تریان بە سلب دەبنە هۆکار بۆ ئەو ئەنجامە.

## "نالی" بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

نالی لە سلێمانییەوە دەچێتە سنە بۆ خوێندن و لە مزگەوتی داروئیحسان دەخوێنێ و لەوێ ژوورێکیشی دەبێ کە تا ئێستا ماوە. ئەو ماوەی لەوێ بووە بۆ خوێندن، پێ دەچێ دڵی چووبێتە سەر مەستوورەی کچە میری ئەردەڵان بەڵام مەستوورە شوو بە خوسرەو خانی والی سنە دەکا لە ١٨٢٨-١٨٢٩. ئەو کاتە نالی دەوروبەری سی ساڵان بووە، بەر لەوەی سنە بەجێبهێڵێ شیعرێکی ئیرۆتیکی لەبارەی عەورەتی مەستوورەوە دەنووسێ پاشان سنە جێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە. ئەو شیعرە بەر لە شووکردنی مەستوورە نووسراوە هەروەکو لە وێنەو دیمەنەکانی ناو دەقەکە دەردەکەوێ شیعرەکە یەکێکە لە قەسیدە دانسقەکان و جورئەتێکی کەم وێنەشی تێدایە کە دواتر دێمە سەری. بەهەرحاڵ تا ئەمڕۆ ئەوقەسیدەیە و نامە شیعرییەکەی کە بۆ سالمی نووسیوە لە شامەوە، بوونەتە دوو وێستگەی گرینگی ئەزموونی نالی، یەکیان لە ئیرۆتیک و ئەوی تریان لە باسی غەریبی و غوربەتدا.

"حەبیبە" ئەگەر ناوی کیژێکی شارەزووریی، یان قەرەداخی، یان سلێمانی بووبێ، یان ناوێکی خوازراو بەهەر بارێکدا بووبێتە مایەی خرۆشاندنی هەستی نالی ئەوە لە ڕێی ئەوەوە تەعبیر لە دڵدارییەکی زەمینی دەکاو بوون و گەردوون بە چاویلەکەی ئەو عەشقەلێک دەداتەوە. پێ ناچێ نالی حەبیبەی هێنا بێ، چونکە ئەگەر ئەو ژوورێکی لە مزگەوتێکدا هەبووبێ تا سلێمانی بە یەکجاری جێ هێشتبێ هەر لەو ژوورەدا بووبێ چۆن ڕێی تێ دەچێ کەسێک ژن وماڵی لەناو مزگەوتدا دانابێ، دەزانم هەندێکجار ماڵی مەلا بە تەنیشت مزگەوتەوە بووە، بەڵام ژوورێک لەناو مزگەوتدا ئەوەیان بۆ نالی نەشیاو بووە. هەروەها لە شیعرەکانیشیدا دەردەکەوێ کە ژنی نەهێنابێ و منداڵیشی نەبووبێ (شیعرەکانم کە جگەرگۆشی منن دەربەدەرن) گەواهێکی تر بۆ ئەوەی کە نالی و حەبیبە بەیەکتر نەگەیشتوون ئەو شیعرەیەتی کە بۆ مەرگی باوکی حەبیبەی نووسیوە کە دەڵێ: ماتەم وەکو زوڵفەینی سییەهـ، گرتی خەرابات... تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

بێ بابییی تۆ بۆ من و تۆ بابی فتوحە

یان: بێ بابیی تۆ موریسە بۆ وەسل و مولاقات.... تاد.

خۆ دەکرێ بڵێین دوای ئەو ماتەمە ڕەنگە بەیەک گەیشتبن، ئەوەشیان گریمانەیەکی لاوازە و دیمەنەکانی تری شیعرەکان دژی ئەو گریمانەیە دەوەستنەوە.

دواگەواهیش بۆ ئەوەی نالی تا ئەو کاتەی لە شامیش بووە دڵی هەر لەلای ئەو یارە بووە، کە بۆی نەبووە ئەو دێڕەی شیعرەکەیەتی کە دەڵێ: (حاڵی بکە بە خوفیە: کە ئەی یاری سەنگ دڵ، نالی لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور).

ڕوایەتێکی لاوازیش هەیە کە "ئایشە" ناوێک لە تەکییەی قەرەداخ هەبووە و لە کۆتایی سەدەی نۆزدە مردووە، ئەو ژنە خۆی ئیدعای ئەوەی کردووە کە دڵخوازی نالی بووە، عەلادین سەججادی ئەو قسەیەی لە زاری شێخ بابە عەلییەوە تۆمار کردووە کە ماوەیەکی زۆر لەو ناوچەیە ژیاوە. واتە کە نالی لە شام بووە ئەو ئایشەیە ماوە، ئەوجا کێ دەتوانێ مەزەندەی ئەوە بکاو بڵێ و ڕەنگە یاری سەنگ دڵ! ئەو ئایشەیە بووبێ؟! پێم وایە ئەو جۆرە مەزاندانە ئێستا گرینگ نین لە ئەزموونی نالییدا هێندەی دۆزینەوەی دەق و بەرهەمی نادیاری ئەو شاعیرە گرینگن. چونکە ڕێی تێ ناچێ شاعیرێکی زاناو زمانزانی شارەزا لە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەو هەموو زانیاریی و ڕۆشنبیرییە بە شیعرەکانییەوە دیار بێ کەچی کتێب و نووسینی هەر ئەوەندە بێ کە هەیە، ئەگەر چی ئەوەی هەیە گەنجینەیەکی لە ڕادەبەدەر پڕ بەهایە، بەڵام مەنتیق دەڵێ شتی تریش هەیە، کا بۆ ئەو ڕۆژەی دەستێکی دڵسۆز دەگەڕێ بۆ دۆزینەوەیان.

پێشتر باسی شیعرێکی ئیرۆتیکی ئەو شاعیرەم کرد ئێستا دەچمەوە سەری و دەپرسم، ئەو جورئەتەی نالی لە بەرانبەر مەستوورەدا هەیبووە لەبەرچی وێنەی شیعریی لەو چەشنەی نەبووە بۆ حەبیبە؟ کە باسی لەشی حەبیبە دەکا هەست دەکەی هەموو لەشی هەر چاوە، هەر زوڵفە، هەر ئەبرۆیە، هەر لەبە هەم تیپە و هەم تەبیبە. یان ئەگەر باسی لە ڕینەوەی مەمکی، یان قەدی عەرعەر و قامەتی سەروی زۆریش هەڵکشا بێ ماچی دەمی خۆشابێ، کەچی بۆ مەستوورە (تەرکێکی وەها ناسک و پڕ لەزەت، ساحێبی خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ، سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قلەشا بێ...) (لەو کانییەدا چووزەرە ڕێواسێ ڕووا بێ، بەو چووزەرە ڕێواسە کەمێکی قلەشابێ).. دیارە ئەم جۆرە وەسفانەی بۆ حەبیبە نەبووە، ڕەنگە هەندێک لە هۆیەکان پەیوەندیان بە هۆکاری دەرەکییەوە هەبووبێ، بەڵام ئەوانە بەس نین بۆ ورووژاندنی ئەو جۆرە هەستە، واتا ململانێی نێوان هەردوو ئیمارەتی بابان و ئەردەڵان، یان هەر شتێکی لەم جۆرە نابێ بە پاساو بۆ خرۆشانێکی شیعریی لەو چەشنە ئەگەر عاملێکی زاتی ناخ نەجووڵێنێ. ئەو جورئەتەی لەبەرانبەر مەستوورەدا هەیبووە نالی لە باسی لەشی خۆیدا هەمان جورئەتی هەبووە، لە شیعری "تیلتیقای پۆڵاو ئاسن"... یان "شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر"، یان لە دوا پەرەگرافەکانی قەسیدەی مەستوورەدا باسی لەشی خۆی دەکا (تولانیی و بەرجەستە وەکو دەستی دووعابێ) (شەو نائیم و قائیم) (بەمەسەل عەینی عەسا بێ) ئەوانە شایەدی جورئەتی شاعیر دەدەن لە بارێکدا، کەچی حەبیبەی دولبەر لەبارێکی تردایە، ئەوەش شتێکی سروشتییە کە

شاعیر سنووری لەش بە دیووی دیار و دەرکەوتوو دابنێ لە یارەکەیدا.

نالی ساڵی ١٨٣٨ کە شیعری "تا قەلەک دەورەی نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو" کە بۆ کۆچی دوایی سلێمان پاشا و لەسەر تەختی بابان دانیشتنی ئەحمەد پاشای نووسیوە لە سلێمانی بووە.

نالی لە حەج، دەوروبەری ١٨٤٦ کە حوکمی ئەحمەد پاشا دەڕووخێ، لەوێوە دەچێتە شام واتا لە ١٨٤٤ و ١٨٥٥ پێ دەچێ چووبێتە حەج، یان پێشتر چۆتە شام و لەوێ هەواڵی ڕووخانەکەی پێ گەیشتووە، لە شام نامە شیعرییەکەی بۆ سالم نووسیوە. بە پێی لێکدانەوەی ڕێبوار سیوەیلی بۆ فەزای قەسیدەکە و پرسیارەکانی شاعیر لەو شوێنانەی جێی هێشتوون هەست بە گەرموگوڕییەک دەکرێ وەکی ئەوەی تازە ئەو شوێنانەی جێ هێشتبن. هەرچی عەلادین سەججادییە دەڵێ، نالی لە ١٨٣٠ دەچێتە حەج و پاشان دەگەڕێتەوە شام و ساڵی ١٨٣٤ قەسیدەکەی لەوێ دەنووسێ. کەچی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس وای لێک داوەتەوە کە ئەو نامەیە دوا بە دوای شکانی ئەحمەد پاشای بابان نووسراوە کە دەکاتە ١٨٤٧ یان پاش دەست لەکارکێشانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بابان واتە لە ١٨٥١دا.

بە گوێرەی لێکدانەوەی مەسعوود محەممەد و پاشان ڕێبوار سیوەیلی و مامۆستا جەعفەر و د. عەبدوڵڵا حەداد و هەندێکی تریش لە نووسەران، ئەو واقیعەی لە شیعرەکەی (نالی) داو لە وەڵامەکەی (سالم)دا دەرکەوتووە ئەو ڕایە پشت ڕاست دەکەنەوە کە نالی لە تەمەنی دەوروبەری پەنجا ساڵیدا ئەو شیعرەی نووسیوە.

بە پێی ئەو زانیارییەی ئا. خۆدزکۆ دیپلۆماتی ڕووسیا کە لە پاریس خەریکی لێکۆڵینەوەی دیالێکتی زمانی کوردی بووە ساڵی ١٨٥٧ لە گۆڤاری ئاسیادا بڵاوی کردۆتەوە کە ئەحمەد پاشا لە پاریس پێی وتووە نالی ئێستا (١٨٥٣) لە دیمەشق (شام) دەژی، ئەو زانیارییە ئەو بۆچوونەی سەرەوە باشتر دەسەلمێنێ لەمەڕ ساڵی نووسینی قەسیدەکەوە.

بەڵام سەبارەت بە بەشەکەی تری قسەکانی ئەحمەد پاشا کە خۆدزکۆ نووسیویەتی، نالی خەریکی لێکۆڵینەوەیە لەبارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی شێوەی سلێمانی، شتێکی ئەوتۆ دیار نییە و تا ئێستا پێ دەچێ ئەو نووسینانە نەدۆزرابنەوە، یان فەوتاون.

نالی بۆ نەگەڕایەوە؟

ئەگەر سەرنج لەو دێڕەی سالم بدەین کە لە وەڵامی نامەکەیدا بۆ نالی نووسیوە و دەڵێ:

توخوا بڵێ بە حەزرەتی نالی: دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانییا گوزەر

ئەوە دوو شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، یەکیان پلەوپایەی نالی لای شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی و ئەوی تریان ترسی سالم لەسەر ژیانی نالی ئەگەر بگەڕێتەوە نیشتمان، نیشتمانێک کە پڕە لە تورکی ڕۆمی و زوڵم و ستەم و شین و شۆڕ، بە جۆرێکی تر دەتوانین ئەو قسەیەی لێکۆڵەرەوەکان پشت ڕاست بکەینەوە کە نالی لەلایەن ناحەزانی نەتەوە و ناحەزانی ناوخۆشەوە (شێخ و سۆفی...) ژیان لەبەردەم هەڕەشەدا بووە، بۆیە بڕیاری نەگەڕانەوەی یەکجارەکی داوە.

دوای شام پێ دەچێ نالی چووبێتە ئەستەمبووڵ و ماوەیەکیش لەوێ مابێتەوە ئینجا ساڵی (١٨٦٧ - ١٨٦٨) چۆتەوە حەج و لە حیجاز (مەککە) ماوەتەوە. بە گوێرەی نووسینێکی نووسەری عەرەب محەممەد ئەلحەزراوی لە کتێبی "نزهة الفکر فیما مضی من الحوادث والعبر في تراجم رجال القرن الثاني عشر و الثالث عشر"، کە لەبەشی پیتی (خ) دا لەبارەی نالی نووسیویەتی:

"ولد بالعراق بمدینة شهرزور، ثم اخذ في العلوم و تحصیلها حتی برع في فن الادب وعلوم اللغة، معظم عند اهل الرتب. قدم مکة سنة نیف و ثمانین و مئتین والف و حظي بالقبول عند فضلائها..."

"وله ملکة تامة في البحث في انساب العرب ومحاوراتهم واشعارهم، والرجل صاحب فضل و علم..."

ئەو پێشەکییە کورتەی ئەلحەزراوی هێما و ئاماژە بۆ هەندێک لایەنی ژیان و هەڵسوکەوت و پلەوپایەی نالی دەکا، ناوهێنانی بە نالی ئەفەندی پلەوپایەی ئایینی و کۆمەڵایەتی ئەو شاعیرە دیاری دەکا و ڕستەی دواتریش ئاستی زانستی و زانیاریی و شارەزاییەکەی دەسەلمێنێ (هەرچەندە دەقە شیعرییەکانی باشترین شایەدن لەم ڕووەوە)، ئەو قسانەی ئەلحەزراوی دیسان ئەو گومانە زیندوو دەکەنەوە کە نالی دەبێ کتێبی تری هەبووبێ لەبارەی زمان و ئەدەب و شیعریشەوە زانراوە کە لە سلێمانی بووە سیپارەیەکی لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی بۆ فێربوونی قەواعیدی زمانی عەرەبی و کاتی خۆی لەناو فەقێیاندا ئەو نامیلکەیە خوێندراوە. هەروەها "مناظر الانشاء"ی لە دەرەوەی وڵاتدا نووسیوە لە ١٨٤٩ لەسەر داوای نالی لەلایەن ناسخێکەوە نووسراوەتەوە، بەم دواییەش کتێبێکی لە ئەستەمبووڵ دۆزرایەوە کە باسی عەرووز دەکا و بە زمانی فارسییە، هەروەها قسەش هەیە کە "ئازارەکانی فارتەری لاو"ی گۆتەی کردبێتە کوردی. هەروەها ئەو پێشەکییەی "نزهة الفکر" تەمەن و سیمایەکی خێرای ئەو شاعیرەشمان نیشان دەدا و ئەو گێڕانەوەیەی مەسعوود محەممەدیش پشت ڕاست دەکاتەوە کە لە زاری باپیرییەوە جەلیزادە گێڕایەتییەوە کە نالی لە حەج دیووە و تەمەنی زۆر بووە واتە ١٨٧١-١٨٧٢ ئەو ساڵەی جەلیزادە نالی تێدا دیوە دەبێ ٣ ساڵ بووبێ نالی هاتبێتە حیجاز.

بە پێی نووسینەکەی نووسەری عوسمانلی محەممەد تاهیر بورسەلیش لە کتێبی "عوسمانلی موئەلیفلەریی" کە دەنووسێ: "نالی ساڵی (١٢٩٠ کۆچی) لە حەجی شەریف گەڕایەوە، ئەو ماوەیەی لە ئەستەمبووڵ مایەوە، بەوپەڕی ڕێز و شکۆدارییەوە زانا و شاعیرانی ئەستەمبووڵ ڕوویان تێ دەکرد، پاش بەینێک وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی قاراجا ئەحمەد karaca ahmed تەرمەکەی بەخاک سپێردرا". د. عەبدوڵڵا حەداد ئەم نووسینەی لە کتێبی "نالی لە دەرەوەی کوردستاندا" ساڵی بڵاوکردۆتەوە. هەرچی ئەمین فیزی بەگە لە "ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد"دا دەنووسێ: "نالی چووەتە ئەستەموول لە ئەسنای سوحبەتا لەگەڵ ئودەبا و فوزەلای ئەوێ، گەلێ ئاساری فیکر و فەتانەتی نواندووە، زۆر مەزهەری تەوەججوە بووە. تا نهایەتی عومری لە ئەستەموولا ماوەتەوە. مەدفەنی موبارەکی ئەوەتە لە (ئوسکۆدار)..."

کەوابوو نالی نزیکەی سی ساڵ لە تاراوگە ژیاوە (مەککە، شام، ئەستەمبووڵ... ئەگەر شوێنی تریش نەچووبێ کە تا ئێستا نەزانراوە).

بەگوێرەی بەیازەکەی لای سدیق بۆرەکەیی کە لە مێژووی ئەدەبی کوردییەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە نالی لە نێوان ١٢١٢-١٢٩٥ ژیاوە واتە ٨٣ساڵ تەمەنی بووە کە دنیای جێ هێشتووە. بە گوێرەی ئەو ڕووداو و ساڵانەی لەم بایۆگرافیەدا هاتووە لە نێوان (١٧٩٧-١٨٧٣)دا نزیکەی ٧٦ ساڵ ژیاوە.

وەسفی سیمای نالی زۆر دیار نییە، ئەلحەزراوی لەو بارەیەوە نووسیویە: صاحب فضل و علم مع انکسار و شیبة بهیة و خمول. واتا شکانەوەیەک لە سیمایدا بەدی کراوە و پیریی و شکۆداریی پێیەوە دیار بووە لەگەڵ جۆرە سستییەک. ئەو سستییە ڕەنگە لە شێوەی جووڵانەوەی، یان ئاخاوتنیدا هەبووە، کە ڕەنگە کاریشی کردبێتە سەر نووسینی، کەچی لە شیعرەکانیدا ئەو سستییە کەمتر دەرکەوتووە.

مامۆستا جەعفەریش وای بۆ دەچێ کە ڕەنگە تانەیەک لە سەرچاویدا هەبووبێ، ئەو لەو بۆچوونەیدا پشتی بەو دێڕەی نالی بەستووە کە دەڵێ: (نالی) ئەو نوقتە کەوا بوو بە نیشانەی چاوی. تا ئێرە و بە پشت بەستن بەو زانیارییانەی لە کتێبەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەسعوود محەممەد و د. مارف خەزنەدار و د. عەبدوڵڵا حەداد و ڕێبوار سیوەیلی و مامۆستا جەعفەر..... تاد، هەن ئەم بایۆگرافییەمان ئامادە کردووە.

دەروونم خاڵییە، وەک نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ!



# کۆچی نالی و هەڵوێستی نەگەڕانەوەی

مەسعوود محەمەد

ئەدیبێکی وەک نالی کە بەلای بیروباوەڕی منەوە، یەکێکی لە شاعیرە هەرە پێشکەوتووەکانی ڕۆژهەلاتی ئیسلام – نەک تەنها هی کورد – گلەییی ئەوەی لێ ناکرێ بۆ کەیفی سەد ساڵ دوای خۆی شیعری هەڵنەبەستووە، لەوەشدا سەرشکێن ناکرێ کە شێوازی شیعری کۆنی بەکارهێناوە. لەم لایەنەوە دەبێ بڵێین، نالی ئەگەر ئەوە نەبا کە هەبوو، گلەییی لێ دەکرا و گومان دەچووە سەر شاعیریەتی، چونکە دەبێ مرۆڤ کوڕی سەردەمی خۆی بێت. کە ئەو کوڕە نەبێ، دیارە ناتەواوییێک لە نەفسی وەیا لە هونەریدا بووەتە لەمپەر لە پشتی و کردووەتی بە مرۆڤێکی تار بووی لە تێکڕای خەلق. نالی بێ وەیا یەکێکی تر بێ هەر ئەوەندەی لێ داوا دەکرێ بە پێی مەفهوومی سەردەمی خۆی مافی ڕێز لێگرتنی هەبووبێ، تا ئێمەش ڕێزی لێ بگرین، چ ڕەوای هەق نییە، ئێمە بێین دوای سەد ساڵ لەو سەردەمە هەموو خەلق بە درۆ بخەینەوە لەو ڕێزەی کە لە یەکێکی وەک (نالی)یان ناوە. وا دەزانم ئەم قسەیەی لێرەدا دەیکەم چ دەمەتەقە هەڵناگرێ لە منیش بە پێشەوە کەسانی تر گوتوویانە. هۆی دووبارەکردنەوەی لێرەدا، زێدە پێویستی میللەتەکەمانە بۆ خۆ بەسەهوونەبردن و خۆ زەرەرمەندنەکردن. لە فەرزی میللەتی ئینگلیز خۆ گێل کا لە ئاست (شەکسپیر) ئەوەندە شاعیر و ئەدیبی گەورەی تری دەمێنێتەوە، دڵی خۆیان پێ خۆش کات. سەروەت و سامانەکە و فابریقە و داهاتە زۆرەکەشی چی لێ کەم نابێتەوە، بەنەهێشتنی ناوی "شەکسپیر" لە فەرهەنگی ئەدەب و هونەرییدا. خۆ ئەگەر ئینگلیز لەم پلەیەی بێ ئینسافییەش تێ پەڕێنێ و هەموو ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە – کەهەرگیز نایسڕێتەوە– حورمەتی ڕووپەڕە بێ حورمەتەکانیشی دەگرێ، حازرێکی هێندە دەوڵەمەندی هەیە بۆی تێ بێنێتەوە لە سڕانەوەی ڕابردووی. بەلام کورد چی ئەوتۆی نییە لە ئێستاکەیدا دڵی خۆی پێ خۆش بکات لە بەرامبەر کاری منداڵانەی ڕیسواکردنی ڕابردووی خۆی. کورد لە بارێکدایە بۆی بپارێتەوە، نەک لێی کەم کەیتەوە. بەتایبەتی کە خۆت کورد بیت، خۆ هەر بە جارێ بێ عوزر دەبیت ئەگەر لێکەمکردنەوەت لە مەیدانی بایەخداری زێدەبەنرخی شیعر و ئەدەبی کۆنی بێت کە هیچی وەک ئەو بە نرخ نییە.

لەم گەشتەی ناو باخ و ڕاغی هەڵبەستەکانی نالیدا، چەند نموونەیەکی ئەوتۆمان دیت کە لەناو نموونەی هەرە پێشکەوتووی ئەدەبی ڕۆژهەلاتدا، پڕشنگ بدەنەوە و نموونەکانی تر کزکەنەوە لە نەزەر خۆیاندا. ئەم بەرزییەی ئەدەبی نالی، جارێکی تریش بەرز دەبێتەوە کە بەبیر خۆت بێنییەوە نالی ڕەوشتێکی پاک و نەفسێکی ڕێز لەخۆگرتووشی هەبووە و لەو ئەدیبانە نەبووە عەیب و عاری ڕەفتاری نالەباری لەناو مەخمەڵی هەڵبەست و بشارێتەوە، چ نهێنییان ئاشکرا ناکەم، بەوەدا کە بڵێم زۆر لە شاعیری ناسراوی خاوەن شۆرەت لە کۆن و نوێدا، ئەگەر شیعر و هونەر شەفاعەتیان بۆ نەکەن، لەوانە نەبوون بە برادەری خۆتیان قبووڵ کەیت، نەوەکا ناوت بەد بێ پێیانەوە. نالی سەرەڕای ئەوە کە چ عەیبێکی لێ نەدیتراوە، تا بشڵێی ڕاست و دڵسۆز بووە لەگەڵ بیروباوەڕیدا. چی لە دڵدا بووە، ئەوەی گوتووە و بەدرێژاییی ژیانی سوور بووە لەسەر قەناعەتەکانی. بەڕاستی، نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی قەناعەت گۆڕییان نەکردووە. هەرچەند ئەم نووسینە جێی ساغکردنەوەی قەناعەت و بیروباوەڕی نالی نییە. بەلام جێی ئەوەندەی تێدا دەبێتەوە بە پێی داخوازی موناسەبە، بڵێم، دیوانەکەی سەر و بن کەیت و شیعرەکانی بەوپەڕی وردییەوە بخەیتە بەرچاوی زیهن و مەنتیقەوە، چ فەرقێک ناکەی بە قەناعەتە بنجییەکانی لە قەسیدەیێکەوە بۆ قەسیدەیێک، وەیا لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر. وەک من لە نالی دەگەم، ئەگەر پێمان بکرێ لیستەییێکی زەمەنی بۆ شیعرەکانی ڕێک خەین، لێمان مەعلووم دەبێت ئەو لە تەمەنێکی مەیلەو زووەوە بەرەو پێکهێنانی بیروباوەڕ چووە. هەر ئەم زووکردنەش بووەتە هۆی خێرا ڕۆیشتنی بۆ حەج. تەنانەت نامەکەی بۆ (سالم) و پرس پێکردنی لە بەرژەوەندی گەڕانەوەی دووچاری وەزع و ژیانێک بێ کە خۆی لێی ڕازی نییە. دەمەوێ بڵێم پەرۆشی بۆ قەناعەتەکانی وای لێ کرد ڕاستەوخۆ نەگەڕێتەوە. لە حاڵێکدا ئەو دەزانێ بەسەرچوونی دەسەلاتی بابان و هاتنی حوکمێکی بێباکانەی عوسمانی، لەوانەیە ڕێ لە ئازادیی ڕەفتار و قەناعەتی بگرن و مەیدانی لێ تەسک کەنەوە، بەتایبەتی، چونکە ئەو لە سەردەمی حاکمەکانی باباندا هەرگیز ناچار نەبووە لە ئاوی باوەڕی لێڵ بخواتەوە. دیارە لە حاڵی وەهادا تێکچوونی وەزعی سلێمانی بەنیسبەت نالییەوە، ناخۆشتر بووە تا کەسێکی تر کە وا نەزۆر دەربەستی باوەڕ بێ و نەلە سەردەمی باباندا مەرحەبای دیبێ. نالی کە لە شام مایەوە و دواییش پاش گەیشتنی وەلامی سالم پێی چوو بۆ ئەستەمبوڵ، بێ ئەوە هیچ هۆیەکی گوزەرانی سۆگەری هەبێ وەیا بەتەمای پەیداکردنی پایەو ڕوتبە و نیشانێک بێ، خۆی دزییەوە لە گەڕانەوە بۆ سلێمانی لە ترسی بەرەنگار بوونی وەزعی بێحورمەت بەدەست حوکمی کەم ئینسافی عوسمانییەکانەوە. ئەگەر ئەم ترسە بەرهەڵستی لێ نەکردبا، دەیتوانی لە سلێمانی ئەو کەرتە نانە پەیداکا کە لەشام و ئەستەمبوڵ پێی قانع بوو. هەر جارەی کە ئەم بەیتەی لای کۆتاییی نامەکەی بۆ سالم، دەخوێنمەوە، لەگەڵ تەزووی سۆز و هەستی پەرۆشم بۆ نالی، دیمەنی مرۆڤێکی جوانمەردی ڕێز لەخۆگرتووشم دێتە بەرچاو کە مەرگی غەریبانەی ڕێز لێگیراو، تەرجیح دەداتە سەر ژیانی ناو کەسوکار بەبێ حورمەتی و بێ دەسەلاتی:

ئایا مەقامی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە
یا مەسلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سور

دیارە نالی لەم مەسلەحەتەدا، مانگانەی دووکان و قەیسەری داهاتی زەوی و زارە نەبووەکانی مەبەست نییە، پرسیاری ئەو لەبارەی بوونی وەزعێکەوەیە کە بتوانێ تێیدا گوزەرانی نەمر و نەژی بکا لەگەڵ پاراستنی دڵۆپی ئابڕوودا. پێش من سالمیش لە نالی گەیشتووە، بۆیە لەوەلامدا باسی بێدادی و بێحورمەتی تورکەکان دەکا، نەک نەبوونی نان و گوزەران:

شارێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین
جاییکە پڕ لە شۆڕ و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ
سالم سفەت لەبێ کەسیبا بانەبێ هەلاک
من کردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر

لێرەدا، ڕەنگە پرسیارێک بکرێ و بگوترێ بە نیسبەت نالییەوە ئەستەموڵ و شام و سلێمانی چ فەرقێکیان دەکرد؟ خۆ هەر عوسمانلی حاکمی هەمووان بوون؟ پرسیارەکە بێ جێ نییە. بەڵام بێ وەڵامیش نییە. لە تەجروبەی خۆمان دەزانین ژیان لە جێگاییکی تازە داگیرکراوی وەک سلێمانی، بۆ کوردێکی شەرم بەخۆی موحتەرەمی وەک نالی، سەختتر و جێی گومانترە تا ژیانی ئەستەمبوڵ وەیا شام کە لەوێدا داگیرکەری عوسمانی پەلپی بێ حورمەتیکردن بە عەرەبێک ناگرێ کە لە هیچ ڕوویکەوە نایێتە ناو حیساب و بەرژەوەندی چاکە و خراپەوە و چ لەمپەران لەبەر پێی هەڵناتێ. لەمەش بەولاتر، شاری گەورە و قەڵەباڵغ چاکتر دەبێتە حەشارگە بۆ کەسێکی بیەوێ بەرچاو نەبێ. نالیش لەوە زیاتری نەویستووە ژیانێکی ڕەشۆکیی بێ ئارایشت لەناو ئاپۆرەی شاری گەورەدا چەپارەی بدا لە نیگای نارەزای میری و ئەو هەڵمەتەکاسانەی خۆی لە میری نزیک دەکەنەوە، بەتێوەگلاندنی بابای وەک نالیی ڕێز لە خۆگرتوو.

ئەم بە قەناعەت نازینە و لەخۆڕازیبوونی نالی لە گەلێک ڕەفتاری تری نالی سەر هەڵدەدەن. جارێ چەندێک سەیری هەڵبەستەکانی بکەیت پاڕانەوەی لەبەر کەس تێدا نابینیتەوە، خۆ داواکردنی یارمەتی و لووتەخۆری هەر هیچ، نووسەرێکی کورد لە پێشەکیی دیوانە چاپکراوەکەی نالی خلیسکی بەخامەی خۆی بردووە و نالیی شکاندووتەوە بەو یەک دوو ناو بردنەی حاکمەکانی بابان کە لە چەند موناسەبەیێکدا هاتوونەتە ناو شیعرەوە. بەرامبەر ئەم شکاندنەوەیە چەند وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوە هەن:

یەکەم: گەلی کورد بە ئاواتەوەیە لە مێژووی خۆیدا هەڵکەوتی وەها پڕ شانازی بدۆزێتەوە کە ئەدیبێکی کورد مەدحی حوکمڕانێکی کوردی کردبێ. وەی کاشکی سەرلەبەری ئەدەبی کۆنمان مەدحی بەروبارەگا و دەست و قام و جوامێریی حاکمە سەربەخۆکانی کورد بوایە. کاشکی کورد خاوەنی ئەو حوکمڕانە بوایە بە درێژایی مێژوو مەدح کرابایە. نالی کە دێ و مەدحی (تاقمە مومتازەکەی شاە) دەکات تابلۆیێکی پڕ سەرافەتی مێژووە هەژارەکەی کوردمان بۆ دەکا بە نەمر، چ دەستێکی سواڵ و سەدەقەشی تێدا پان نەکردووەتەوە بێتە لەکە لەو تابلۆیەدا. لاواندنەوە و پیرۆزبایییەکەشی بۆ مەرگی سلێمان پاشا و حوکمڕانیی ئەحمەد پاشا، لە قەسیدەکەی (تا فەلەک دەورەی نەدا) ئەویش وەک هی (تاقمی مومتازی شاە) هەستی بەخۆ نازینمان زیندوو دەکاتەوە و گیانی کوردایەتیمان زیندووتر دەکات. بەشێکی زۆری هەتیوایەتیی کۆنینەشمان لەبیر دەباتەوە بەوەدا کە پێمان دەڵێ ئەمیرێکمان هەبووە لە مردنیدا بۆی بگرین وەیەکێکی تریشمان هەبووە لە هاتنی بۆ سەر تەخت پیرۆزبایی لێ بکەین. لەم قەسیدەشدا، نالی هێندە بڵند دەڕوانێ و خۆی بەرز دەکاتەوە لەلایەنی چاوچنۆکییەوە دەتوانم بڵێم پێی دەگاتە شانی (أبو تمام و بحتري و متني). بەڕاستی ئەم گیانی بەرزبوونەوەی نالی ژووورووی گومان لێکردنی یارمەتی خواستن کە لەم دوو قەسیدەیەدا دەچنە ناو بیبیلەی هەموو چاوێکی بیناوە، دیمەنێکی یەکجار ئاشکرای بەخۆ نازینی نالی دێنێتەوە ناو هەڵبەستەکانەوە، هەندی مەدح و لاواندنەوەکە جێی خۆی کردووەتەوە. بەلێوردبوونەوە دیار دەکەوێ نالی لەم قەسیدەیەدا بە پێی حوکمی سرووشت و ڕەوشتی فیکری لە ئارمایی دەست پاتکردنەوە دوور کەوتووەتەوە، نەک لەبەر خۆپاراستنی دوای لێکدانەوە. چونکە لە هەردوو قەسیدەدا تاکە یەک وشە نادۆزیتەوە باسی سەخاوەت و بەخشینی مەدحکراوەکان بکات. چ جای ئەوەی داوای یارمەتی بکات. بەمەدا دیارە نالی دڵ و دەروون و فکر و زەینی بەلای چاوچڕکردنەوەدا نەڕۆیشتووە، هەر بیریشی لێ نەکردووەتەوە. چونکە ئەگەر لە گۆشەیێکی هەست و نەستیدا وێنەی ئارمایی خواست و نیاز هەبا، خۆشی بێ و ترشی بێ، سێبەرێکی ئەو ئارمایییە دەکەوتە ناو هەڵبەستەکانییەوە، وەیاخود هەر نەبێ لە وشەییکیاندا (ئحم)ێکی وەک هی کابرای گۆشەی مزگەوت دەبیسترا.

لێرەدا پێویستی ڕوونکردنەوە و وەرامدانەوە باسی دوو قەسیدەی هێنا ناوەوە کە مەدحی پاشای بابان و تاقمی تایبەتی ئەوی تێدایە. نالی لە تاکە بەیتێکی تریشدا مەدحی سلێمان پاشای کردووە، هەڵبەت ئەم مەدحە دەبێ پێش مەرسیەکەی (تا فەلەک بێ). ئەم تاکە بەیتە، چاوی هەموو ئەو ئەدیبانەی لێ خلیسکاوە کە من لە بارەی شیعری نالییەوە ئاخاوتنم لەگەڵدا کردبێ وەیا نووسینیانم خوێندبێتەوە دەربارەی نالی. منیش بەیێکی دوور و درێژ لێی بێ ئاگابووم، تاکو لەناو دەروونمدا واتای بەیتەکەم بۆ ڕوون بووەوە بایی ئەوەی مەدحی سلێمان پاشای تێدا بخوێنمەوە:

هود هودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامەن گیری شاهی ئاسەفی سانی دەکا

بێگومان (شاهی ئاسەفی سانی)(١) لەم بەیتەدا سلێمان پاشای بابانە، چونکە دیارە شاهی ئاسەفی یەکەم سلێمانی پێغەمبەرە، بەخۆی و سەر گوزەشتە قورئانییە زۆر مەشوورەکەیەوە لەگەڵ هود هود و بەلقیس و سەبادا کە لەم بەیتەدا نالی، کردوویەتی بەمەبەستی هەڵبەست، کە سلێمانێکی دووەم هەبێ وەک سلێمانی یەکەم، پاشا بێ و نالی دامەنگیری بێ، کەسێکی تر نییە لە سلێمان پاشای بابان بەولاوە، هەرچەند کەم و زۆر بێ پێوەندیی نالی بەدەرباری پاشاکانی بابانەوە، بەچاکی نەزانراوە و نەبیستراوە، بەڵام لەم بەیتە و مەدحەکانی تریشدا دەردەکەوێ نالی بەهۆی بوێژی بێ مانەندیەوە لە پاشاکان نزیک بووە و ڕێزی لێ گیراوە. دەمودووی ئەم هەڵبەستانەی تامی ئاشنایی و دۆستایەتی لێ دەکرێ، لەگەڵ مەدحکراوەکاندا واش ڕادەگەیەنێ نالی لەسەردەمی حوکمڕانیی سلێمان پاشاوە بووە بە دۆستی نزیکی بابان، چونکە مەدح و پێدا هەلگوتنی بۆ سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشایە، لەوان بەپێشەوە چ مەدحێکیان لێی نەبیستووە دۆستایەتی و ئاشنایەتی

ڕابگەیەنێ بە پاشاکانەوە.

دووەم: نالی ئەگەر مەبەستی لەم مەدحانەدا نان پەیداکردن بوایە، دەبوو باشتر مەدحی خەلیفە و والی و وەزیر و پیاوماقووڵەکانی عوسمانیی کردبا. کەچی نەناوی هێناون، نەلێشیان نزیک بووەتەوە. سەیر لەوەدایە هەر چەند تورکییێکی باشی زانیوە بەدەگمەن نەبێت شیعری بە تورکی نەوتووە. ڕواڵەت وا ڕادەگەیەنێ نالی نەیویستووە، وەیا خۆی نەخستووەتە بارێک، هەڵبەست بە زمانی دەسەلاتداری بێگانە دابێت، تەوەک بە خوێ هەڵسوون لەسەری حیساب بکرێ و گومانی دەستپانکردنەوەی لێ بکرێ.

نەوونی مەدح لە هەڵبەستی نالیدا دیاردەیێکە سەربەخۆ. جگە لەو دوو سێ مەدح و ناوهێنانی بە موناسەبە کە بۆ میرەکانی بابانی کردووە تاکە، یەک مەدحی تر لە دیوانەکەی هەیە ئەویش بۆ شێخ نووری ناوێکی ڕوودباری "ڕووباری"یە:

لە چاوی ڕوودبارم نووری دیتن وەختە تاریی بێ
ئەمیش باماحەرای هیجرانی (نووری ڕوودباری) بێ

لەلاپەڕە ٧٨ی دیوانەکەی چاپی هەولێر، سەیرێکی ئەم هەڵبەستە بکە و نەختێک سرنج بگرە وشەکانی، دەرحاڵ بۆت مەعلووم دەبێ نالی ئەم پارچەیەی بەموناسەبەی چوونە حەجی (نووری ڕودباری) داناوە:

چ میعمارانە بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج
خودا یار و مەدەدکار و نیگەهداری عماری بێ

دیارە نالی لێرەدا، مەدحی برادەرێکی خۆی دەکات کە دەچێ بۆ حەج و پیاوێکی خوایی و موسوڵمانە هی دونیا و دەسەلات و زەبر و زۆر نییە. لە سەرانسەری بەیتەکانیش، دیسان، چ دەستپانکردنەوەیێک نابیرێ. من لەبارەی ئەم (شێخ نووری ڕوودباری)یەوە هەر ئەوەندە دەزانم بەینێک لە کۆیێ ژیاوە و پیاوێکی بەرچاو و ڕێز لێگیراویش بووە. بەپێی گێڕانەوەی دەماودەمی باوکم لە باپیرمەوە، شێخ نووری نانی بە شێخایەتی پەیدا نەکردووە. خۆی خاوەن بەخشین بووە و بەماڵی خۆی خزمەتی خەڵقی کردووە.

نالی لە زەمینەی مەدحدا ئەوەندە کەنارگیر بووە تەنانەت لە پیاوانی ئاینیش تەنها مەدحی پێغەمبەری (ص) کردووە. هەر لە تێوان مەدحی ئەویشدا، ناوی چوار خەلیفەی هێناوە. بەلای باوەڕی منەوە ئەو شیعرەی (عاشورا) کە لە لاپەڕە ٧٥ی دیوانەکەی چاپی هەولێردا چاپ کراوە، نە هی نالییە و نە بەهیچ کلۆجێک دەچێتەوە سەر شێوازی نالی. بڕ شیعرێکی بێ هێزی نابەڵەدانەی بێ تام و شام کە لە شاعیری ڕیزی دووەمی شیعری کوردیش ناوەشێتەوە، چ جایی ئەوەی لایەق بەنالی بێ. نەختێک وردبوونەوە لە بەیتەکان دەری دەخا خاوەنی قەسیدەکە کێیە. لە بەیتی چواردەمیندا شاعیر ڕووی قسە لە خۆی دەکا و ناوێک دێنێ و یا ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی یا نازناویەتی. من لێرەدا بەیتی چواردەم شکلنووس دەکەم لەبەر دیوانەکەی نالی (چاپی هەولێر ١٩٦٢):

عارفا سەد عەقل کل حیرانە وا لەو عالەمە
عالمی اعلم کە بۆ خۆی هەم علیم و اعلەمە

وشەی یەکەمی بەیتەکە (عارفا) بانگهێشتنی (عارف)ە لەلایەن خاوەنی ناوەکەوە. لەمەدا چ گومانێک نییە و دەبێ بتۆژرێتەوە کام شاعیری کورد ناوی وەیا نازناوی عارف بووە. بەم پێیە دەبێ کۆتاییی قەسیدەکەش ناوی "نالی" لێ دەرهاوێژرێ و "عارف"ی بخرێتە جێیەوە.

لۆمەیی (عارف) مەکەن یاران ئەگەر بمرم لە غەم
خۆش ئەگەر سەد پارە کەم هێشتا لە غەم ئەمرۆ کەمە

پوختەی گوتە لێرەدا ئەمەیە کە شیعرەکان سەرەڕای بێ هێزی و بێ جوانی و بێ هونەرییان، دژی تەبعی نالیشن لە ڕووی ئەوەوە نالی لە مەیدانی دینداریدا ستایشی خوا و پێغەمبەری کردووە و بەس. سەیرێکی ئەم بەیتە قوندیلەیە بکە و پێم بڵێ، بەکام کوێرەڕێیدا، بۆ سەر خەزێنەی گەوهەرەکانی نالی دەبردرێتەوە؟

احمد و اولاد و الشن در عرب شبهی گوڵن
حاصلی گوڵ خارە ئەی دانا دەلیلی محکمە

لەپێش چاوی زیهنی مندا، نالی نەفسی لە بەرزیدا، هاوتای شیعرەکانیەتی لە مەتانەتدا، بە خۆڕایی و بێ بنج نییە نالی هێندە بەخۆی و شیعرەکانی خۆیدا هەڵدەڵێ. دیارە هەستی بە بەرزیی دڵ و دەروونی ئەوەندە بەهێز بووە چ کۆمەی نەکردووە لە دەربڕینی ئەو هەستە، چونکە بەلای خۆیەوە شتێکی وەک بەدیهییەی گوتووەتەوە لە هەموو ئەو کەسانەی مەعلوومە کە دەیناسن. مرۆڤی گومان لە خۆکردوو ناوێرێ لە خۆهەڵدانەوە و ناز بەخۆکردندا خەڵق بێ منەت کات لە ترسی بەدەمدا هاتنەوە و عەیب دیار خستنی. وا دیارە نالی هیچی ئەوتۆی بەخۆی شک نەبردووە لە خەڵقی بترسێنی وەیا چاو شۆڕی کەسی بکات.

کەسێک چ ڕۆژان هەڵوێستێکی بێ حورمەتانەی لە خۆ دیبێ، ناتوانی بەم شێوەیە ژووررووی عالەم کەوێتەوە:

ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوو من
موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکو من

من بەش بەحاڵی خۆم، چەندێکی بڵێی ئەوەندە گەش دەبمەوە بەوەدا کە دەبینم و دەزانم نالی لە ڕەوشت و بەرزیی نەفسدا هاوتای نالیی بوێژ و ئەیبە، چونکە بەڕاستی فەلاکەتە ئەدەبی بەرز بخرێتە ناو نەفسی پەستەوە. پێی ناوێ من بڵێم لەخۆوە دیارە، پیاوی نزم لە گوتنی وشەی بەرزدا درۆزنێکی ئانقەستە. شاعیرێک وەیا ئەدیبێک کە ناو و ناتۆرەی بە دواوە بوو لە هەموو گوتەیێکیدا تارماییی بەدناوییەکەی لەبەر چاوان قوت دەبێتەوە و قسە خۆشکەڵەکانی بەدرۆ دەخاتەوە، یاخود هەر نەبێ لە بایەخیان کەم دەکاتەوە. وا خۆشە دەست و زمان بەیەکەوە پاک بێ. سەد شوکر ئەم خۆشییە لە شاعیریەتیی نالیدا بە زیادەوە پێک هاتووە.

(١) باسی ئەم بەیتە بە درێژی لە بەشی دووەمی (حاجی قادری کۆیی) هاتووە.

# ڕوخساری شیعری نالی

## ڕوخساری شیعری نالی لە ڕووی بابەتەوە

مارف خەزنەدار

شیعری نالی بە قەوارە و ژمارە کورت و کەمە، ئەو بەرهەمەی لە بەردەستماندایە دەتوانرێ هەمووی لە دەوروبەری ١٢٠ پارچە شیعری لیریکی بژمێررێ. هەروەها شیعری نالی لە ڕووی بابەتی هونەرە شیعرایەتییەکانی ئەدەبی ئیسلامییەوە (نەتەوە ئیسلامەکانەوە) کە زۆرن، شاعیر ئەو قاڵبانەی لەم لایەنەوە هەڵبژاردوون بۆ بەرهەمی شیعری لە چوار جۆر تێپەڕ ناکەن: غەزەل، قەسیدە، موستەزاد، تاک (فەرد).

١- غەزەل: ئەم بابەتە شیعرە لەلای نالی و لە ئەدەبی ئیسلامەوی ڕۆژهەڵات بەو پارچە شیعرە دەووترێ کە ژمارەی دێڕە شیعرەکانی، نیوە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەم (سەدر و عەجز) لە پێنج دێڕ کەمتر نەبێ، ئیتر بە زۆری ئەم جۆرە شیعرە لە حەوت دێڕ، یا نۆ دێڕ، یا دوازدە دێڕ پێک دێ، هەندێ کەس دەیگەیەننە هەژدە و تا بیست دێڕیش. ئەگەر ژمارەی دێڕە شیعری غەزەل لەمە تێپەڕ بکا قەسیدەی پێ دەڵێن. لە ڕووی کێشەوە پێڕەوی دەستوورەکانی کێشی عەرووز دەکا، هەرچی قافیەشە لەسەر سیستێمی یەکیەتی قافیە بەڕێوە دەچێ.

بەرهەمی شیعری نالی ئەوەی ئێستا لەبەردەستماندایە و ئاگاداریمان لێی هەیە لە زیاتر لە سەد پارچە غەزەل پێک هاتووە، هەندێ لەم غەزەلانە ئەوانەی ژمارەی دێرەکانیان سێ یا شەش یا هەشت دێر بێ، بێ گومان ئەم شیعرانە ناتەواون، لەوانەشە هەندێ لەم غەزەلانە لە بنجدا قەسیدە بن و ژمارەی دێرەکانیان لە دوازدە زیاتر بووبێ و بە درێژایی ڕۆژگار هەندێ لە دێرەکانی کەوتبن.

١-قەسیدە: لەهەموو ڕوویێکی ڕوخسارەوە وەکو غەزەل وایە، دەتوانین غەزەلی درێژی پێ بڵێین، بە ڕاستی ئەم بابەتە شیعرە غەزەلە، بەڵام کە ژمارەی دێرەکانی زۆر بێ قەسیدەی پێ دەوترێ.

بەرهەمی نالی لەم جۆرە شیعرەدا کەمە، ژمارەی هەموو قەسیدەکانی لە ژمارەی پەنجەی هەردوو دەست تێناپەڕێ. لەمانە درێژترین قەسیدەی ئەو دوو (نەعت)ەیە کە بۆ پێغەمبەری وتووە، یەکەمیان (ئەی ساکینی...) لە ٦٨ دێرە شیعر و دووەمیان (ئەلا ئەی نەفسی....) لە ٧٤ دێرە شیعر پێک هاتووە. هەروەها دەتوانین لە قەسیدە بەناوبانگەکانی نالی ناوی قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) (٤٣ دێڕ) و (مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە...) (٤٩ دێڕ) ببەین.

٢-موستەزاد: جۆرە هونەرێکە لە غەزەل، شاعیر نیوە دێرە شیعرێکی کورت دەخاتە سەر هەموو نیوە دێرە شیعرە درێژەکان، لەبەر ئەوەیە موستەزادی پێ دەڵێن، واتە غەزەلێک شتی زیادی دەخرێتە سەر. نالی لەم جۆرە هونەرە تەنیا موستەزادێک لە دیوانیدا هەیە. بینای ئەندازیاری موستەزادەکە بەم جۆرەیە:

غەزەلەکە لە نۆ دێرە شیعر پێک هاتووە، یەکێتیی کێش و قافیەی تێدایە. لە ڕووی کێشەوە لەسەر بەحری هەزەجی عەرووز ڕێک خراوە، قافیەی دەنگی (میم)ە (کەوتووم، چووم، مردووم،.....هتد) هەرچی غەزەلەکەی دیکەیە ئەویش شیعرێکی نۆ دێرە شیعرییە، بەڵام دێرەکانی کورتن (مفعول – فعولن)، ئەمەش لەسەر یەک کێش و یەک قافیەیە، قافیەی دەنگی (میم)ە (حەیاتم، وەفاتم، بەتەماتم،... هتد) ئینجا دێرە شیعرە درێژ و کورتەکان بەیەکترییەوە لکێندراون و بەسەر یەکەوە دەخوێنرێنەوە. بەم چەشنە موستەزادەکە دەتوانرێ بەسێ جۆر بخوێنرێتەوە. یەکەمیان هەمووی بەسەریەکەوە، دووەمیان دێرە درێژەکان بەتەنیا، سێیەمیان دێرە کورتەکان بە تەنیا. ئەم کارە دیارە وەستاییێکی پێویستە، شاعیری بە دەسەڵات نەبێ ناتوانێ ئەم بابەتە هونەرە کلاسیکییە بەبەرهەمی شیعری خۆی ببەخشێ.

موستەزادەکە بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

**ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادەو و کەوتووم**
**تاماوە حەیاتم**
**دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە لە دەس چووم**
**قوربانی وەفاتم**
**تۆ یووسفی ئەو حوسنی لەسەر میسری چینانی**
**من پیرم و فانی**
**لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم**
**هەر وا بەتەماتم**

٤-تاک (فەرد): بریتییە لە دێرە شیعرێک (لە نیوەی دێری یەکەم و نیوەی دێری دووەم) پێک هاتووە. ئەم بابەتە شیعرە بۆ قسەیێکی نەستەق یا پەندێکی پێشینان یا بیرێکی فەلسەفی یا وێنەیێکی جوان بۆ ژن و دڵداری و وەسفی سروشت دادەنرێ.

نالی لەم جۆرە شیعرە تەنیا (تاک)ێکی هەیە:

**سەوتی نەغمەی بلبلە یا چەهچەهەی خرخاڵییە**
**دەنگی سۆلە یا لە ژێر پێی ناڵەناڵی (نالی)یە**

## تەرکیبی ناوەوەی شیعری نالی

شیعری نالی و هەموو شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی لە ڕووی ڕوخساری ناوەوەی ئەم ئەدکارانەی خوارەوەی هەیە:

١-دێرە شیعری غەزەل یا قەسیدە دەکرێ بە دوو پارچە: یەکەمیان نیوە دێری یەکەم (سەدر) و دووەمیان نیوە دێری دووەم (عەجز)ی پێ دەووترێ.

٢-غەزەل یا قەسیدە یا هەر بابەتێکی تری شیعر لە ڕووی کێشەوە لە یەکەمین دێرە شیعرەوە تا دوایی هەمووی لەسەر یەک کێش دەبێ، کێشەکان پەیڕەوی عەرووز دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ بە پێوانەی سیلاب (کەرت) بکێشرێن بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لەسەر کێشە سووکەکانی عەرووز دانراوون، وەکو ئاشکرایە لە شیعری کلاسیکی کوردی ئیسلامەویدا بە زۆری ئەو کێشە سووکانە بەکاردەهێنرێن، چونکە لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێن.

٣- هەندێ جار نالی دێری شیعر دەکا بە چوار کەرت، واتە هەر نیوە دێرێ دەکا بە دوو کەرت، دوایی هەموو کەرتەکان وەستانیان تێدا دەبێ و لەسەر یەک قافیە دەبن. واتە نیوە دێری یەکەم دوو قافیەی دەبێ، و نیوە دێری دووەمیش دوو قافیەی دەبێ، دوو قافیەکەی نیوە دێری یەکەم و قافیەی یەکەمی نیوە دێری دووەم لەسەر یەک کێش و یەک دەنگ (تیپ، حەرف) دەبن، وە قافیەی دووەمی نیوە دێری دووەم دەبێتە قافیەی بنچینەیی شیعرەکە، وەکو لەم غەزەلەی لای خوارەوە دەبینرێ:

**سۆفی چییە ئیشی تۆ هەر کایە حەشیشی تۆ**
**عاشق وەکو ڕیشی تۆ هەوساری لەکن پەشمە**
**چەند واسیعە ئەم زیهنە ئەفلاکی تێدا ڕەهنە**
**ئەجیالی لە لا عیهنە ئەدواری لەکن پەشمە**
**(نالی) کە قەدەح نۆشە مەستانە و سەرخۆشە**
**خامۆش نەمەد پۆشە ئەسعاری لەکن پەشمە**

بۆ دیارکردنی نرخی هونەری ئەم غەزەلە لە ڕووی ئاواز و ڕیتمەوە و کاریگەری بەسەر گوێی مۆسیقییەوە لە بابەت وێنەی بیناسازی دەرەوەی شیعرەکە دەتوانرێ بەم جۆرەش تۆمار بکرێ:

**سۆفی چییە ئیشی تۆ**
**هەر کایە حەشیشی تۆ**
**عاشق وەکو ڕیشی تۆ**
**هەوساری لەکن پەشمە**
**چەند واسیعە ئەم زیهنە**
**ئەفلاکی تێدا ڕەهنە**
**ئەجیالی لە لا عیهنە**
**ئەدواری لەکن پەشمە**
**(نالی) کە قەدەح نۆشە**
**مەستانەو و سەرخۆشە**
**خامۆش نەمەد پۆشە**
**ئەسعاری لەکن پەشمە**

٤- یەکێ لە ئەدگار و خاسیەتە هەرە گرنگەکانی شیعری نالی بەگشتی ئەوەیە هەر دێڕێکی لە مانادا سەربەخۆیە، واتە گیانی چیرۆکی و زنجیرەی بیری بەستراو بەیەکەوە کەمە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی شیعرەکانی پاش و پێش بخرێن. ئەگەر هەندێ دێڕە شیعر لە غەزەلێک یا قەسیدەیێکدا بکەون هەست بەبۆشایی جێگەی ناکرێ، بۆیە هەر دێڕە شیعرێک لە شیعری نالی دەشێ ببێ بە وتەیێکی جوان، یا قسەیێکی نەستەق، یا وێنەیەکی ڕەنگین. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ لە غەزەلەکانی نالی و بەتایبەتی لە قەسیدەکانیدا هەست بە زنجیرەی بیر واتە بەسەرهات و گێڕانەوەی ڕووداو دەکرێ. ڕووداوەکان زۆرن بەیەکتری دەبەسترێنەوە و حیکایەتێکیان لێ دروست دەبێ. واتە ئەم چیرۆکانە گیانی شیعریان تێدا هەیە.

٥- لە زۆربەی غەزەل و قەسیدەکانی نالی بە پێی دەستووری شیعری کلاسیکی لە دێڕی دواییدا نازناوی شاعیر تۆمار دەکرێ. بە زۆری ناوهێنانەکە لە دێڕی دوایی شیعرەکە دەبێ. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ لە هەموو دیوانی نالیدا تەنیا چەند غەزەل و قەسیدەیێک شاعیر نازناوی خۆی نەهێناوە. ئێمە وا بۆی دەچین ڕەنگە شاعیر لەم شیعرانەشدا نازناوی خۆی هێنا بێ، بەڵام ئەو دێڕە شیعرانە کەوتبن.

**کێشی شیعری نالی**

نالی پێڕەوی شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی کردووە لە ڕووی کێشەوە، هەموو شیعرەکانی بەبەحری عەرووزی کێشاوە، لەوانە بەشی هەرە زۆری غەزەلەکانی لەسەر کێشی هەزەج و هەندێ لەو کەمتر لەسەر کێشی ڕەمەلن، لە کێشی موزاریع هەشت غەزەلی هەیە، لە کێشەکانی ڕەجەز و بەسیت و تەویل لە هەریەکەیان غەزەلێکی هەیە.

لەناو قەسیدەکانی شاعیردا پێنجیان لەسەر کێشی هەزەجن، لە کێشی موزاریع و ڕەمەلدا لە هەریەکەیان دوو غەزەلی هەیە، تاکە قەسیدەیێکیش لە کێشی موجتەسە (مجتث)، موستەزادە تاقانەکەش لەسەر کێشی هەزەجە، هەرچی تاکە دێڕە شیعرییەکەی شاعیریشە لەسەر کێشی ڕەمەلە.

## قافیەی شیعری نالی

غەزەل یا قەسیدە لە ڕووی قافیەوە، نیوە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەم لەگەڵ نیوە دێڕی دووەمی هەموو دێڕەکانی شیعر تا دوایی لەسەریەک قافیە دەبن.

قافیە لە لای نالی و شاعیرانی دوای ئەو دەکرێ بەدوو بەشەوە:

١-قافیەی سادە: ئەو ڕیزە وشانەیە کە تیپی (دەنگی) هەر دوایی، واتە یەک تیپ یا دوو، یان سێ، یان چوار، یان پێنج وەک یەک دەبن، بەمەرجێ ئەم تیپانە لە بزوێن و بێ دەنگ پێک هاتبن، ئەگەر لە شیعری نالی ورد ببینەوە دەبینین قافیەی وای هەیە تەنیا لەسەر یەک تیپ دامەزراوە، وەکو (ا)، (ۆ)، هی واشی هەیە لەسەر دوو تیپ، وەکو (شا)، (ار)، لەسەر سێ تیپ، وەکو (ادا)، (ارم)، لەسەر چوار تیپ، وەکو (ێنتە)، (ـــەندی)، لەسەر پێنج تیپ، وەکو (ایێکە)، (ایەوە).

٢-قافیەی قورس: هەندێ شیعری نالی قافیەیان بریتییە لە وشەیێک، یان ڕستەیێک، یان نیوە ڕستەیێک لە هەموو دێڕە شیعرەکاندا وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە، پێش ئەو قافیەیە قافیەیێکی دیکەی ئاسایی هەیە وەکو بڵێی ئەمە قافیەی یەکەمە، ئەوەی تر قافیەی دووەمە، یا دەتوانین (پاش قافیە)شی پێ بڵێین. بەم جۆرە قافیەی یەکەمی ئەم بابەتە شیعرانە وەکو قافیەی سادە وایە و لە هەموو شیعرێکی کلاسیکیدا هەیە وەکو لە پێشەوە باسمان لێوە کرد.

ئیتر دەکارین زاراوەی قافیەی قورس بۆ ئەم جۆرە شیعرە بەکار بێنین. لای نالی ئەم جۆرە قافیەیە زۆرە، وەکو لای خوارەوە دەکەونە ڕوو:

(أ)قافیەی یەک وشەیی، وەک بەکارهێنانی ناو، وەکو (باز)، (کچ)، یان پاشکۆکانی ناو، وەکو (ئەز)، (من)، (قوربان)، یان فرمان، وەکو (دەکا)، (بوو)، (هەیە).

(ب)قافیەی ڕستە و ڕستەی ناتەواو، وەکو (ئەمشەو)، (نەبوو)، (لەکن)، (پەشمە)، (موجەررەد بێ)، (زولفەیبی)، (دەوێ)، (ئەما باس)، (نییە باس)، (دەخۆم)، (نادەم)، (بێ تۆ)، (بەعەبەس).

لەوانەیە بەرهەمی نالی لەمە زیاتر بوو بێ و ئەو بەرهەمەی لە دیوانی نالیدا چاپ کراوە ڕەنگە هەمووی نەبێ.

بەڵگە بە دەستەوە هەیە بۆ ئەم کەموکوڕییە:

١-شاعیرە کلاسیکەکانی قوتابخانەی ئیسلامەوی هەوڵیانداوە بەشی هەرە زۆری تیپەکانی (دەنگەکانی) ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی بکەن بە قافیە، لەم ڕووەوە مەلای جزیری (١٥٦٧--١٦٤٠) لە پێش نالی و ئەحمەد حەمدی ساحێبقڕان (١٨٧٨-١٩٣٦) لە دوای نالیدا بەشی زۆری ئەو دەنگانەیان کردووە بە قافیەی شیعرەکانیان لەم لایەنەوە دەوڵەمەند بوون، بەڵام لە دیوانی نالیدا قافیەی هەندێ تیپی ئەلفبای کوردی و عەرەبی وەکو (پ، ج، خ، ذ، ش، ص، ض، ظ، ع، غ، ف، گ، ل) نابینرێن، ڕەنگە قافیەی ئەم هەموو دەنگانە یا هەندێکیانی هەبووبێ بەڵام ون بووبن.

٢-بەپێی دەستووری شیعری کلاسیکی کۆن زۆربەی شاعیران لە بابەت ناوەڕۆکەوە شیعری موناجات (ئیلاهییاتیان) هەیە، تەنانەت دیوانەکانیان بەم جۆرە شیعرە دەکەنەوە، کەچی لای نالی دوو قەسیدەی نەعت (مەدح و ستایشی پێغەمبەر)ی هەیە، کەچی موناجاتی نییە. ڕەنگە بیرمان بۆ ئەوە بچێ لە نەعتەکانیدا هەست بەوە دەکرێ موناجاتی تێدا بێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ شاعیر شیعری موناجاتی نەوتبێ.

لەبابەت ڕووخساری شیعر و هونەرەکانی دیکەی شیعری کلاسیکییەوە نالی هەندێ لایەنی پشتگوێ خستووە و لە دیوانی شیعریدا تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و چوارین و هی دیکەش بەرچاو ناکەون. ئینجا ئەگەر لە دیوانی نالیدا تەنیا چوارینێکی فارسی هەبێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ چوارینی بە زمانی کوردی هەیە. ئێمە باس لە نالی دەکەین وەک شاعیرێکی کورد.

٣- دیوانی نالی سەرچاوەیێکی دەوڵەمەند و لەبارە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی ژیانی تایبەتیی خۆی لە نیشتماندا، کەچی ئەو دیوانە ناتوانێ ترووسکاییێک بخاتە سەر ژیانی ئەم شاعیرە لە شام و ئەستەموول کە زۆر گرنگە بۆ ناسینی شاعیر. ئەو ماوە کەمەی لەو دوو جێیە ژیاوە لەوانەیە شیعری وتبێ بەڵام لەناوچوو بن، وەکو گەلێ لە شیعرەکانی حاجی و شاعیرانی کوردستانی باکوور، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرێکی کەمی حاجیمان پێ گەیشتووە لە ئەستەموول یادی کوردستانی کردۆتەوە.

---

سەرچاوە: کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی سێیەم، د. مارف خەزنەدار" چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ٢٠١٠.

ماتەم، وەکو زولفەینی سییەه، گرتی سەراپات
پۆشی لە ڕوخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات

تاقانە یەتیمی خەلەفی ئاخری نیسان!
تۆ خۆش بی، سەدەف بوو بە فیدات، دوور بی لە ئافات

بۆ فەوتی سەدەف حەیفە بڕێژیی دورەری ئەشک
زاییع مەکە دوڕ دانە بە غارات و خەسارات

دیدەت وەکو گوڵ سوورە، پڕی شەبنمی ئەشکە؛
یا لالەیی پڕ ژاڵەیە دوو نەرگسی شەهلات؟

بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریێم
گەوهەر بڕژێنین بە بوڵندیی قەد و باڵات

لاکین ئەمە دونیایە، گەهێ سوورە، گەهێ شین
لایسال من عاش، و من مات، و من فات؟!

بەس گریە بکە بۆ پودەر و بابی حیجابت
بێ بابیی تۆ موورێسە بۆ وەسڵ و مولاقات!

بێ بابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتووحە
بێ بابیی تۆ خواستەیی من بو بە ئاوات

بێ بابی مورادی من و تۆ بوو بە تەمەننا
بێ بابی دوعایی من و تۆ بوو بە موناجات

ئەو بابە کە فەتح و زەفەری قەلعەیە قەلعی
با قەلعی بکا زەلزەلەیی هازیمی لە ززات

ئەو پیری خەرەف، نافەتی مەردییو سەفا بوو
تۆ شۆخ و جوان، دوور بی لە ئافات و خەرافات

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە
چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و ، گوڵ و مل هات

گوڵ تاجی لەسەر نا و ، چەمەن مەخمەڵی پۆشی
هات موژدە کە خەلعەت گەییە بەر بە موهابات

هات زەمزەمەیی بولبول و ئاوازەیی قومری
هات بادی سەبا، دێن و دەچن عەرعەر و بانات

نەجم و شەجەر و نەرگس و ئەنواری شگۆفە
جیلوەی چەمەنن، یەعنی زەمین بوو بە سەماوات

ماوەردە لەسەر خەرمەنی گوڵ عەترفشانە،
یا ئاوی حەیاتە: عەرەقی وردی موحەییات؟!

گوڵشەن وەکو بەزمێکە کە ئاحادی هوزاری
بۆ تاقە گوڵێکی گەییە ڕۆتبەیی مینات

تۆ باقییەیی ساقییەیی سەحنی چەمەن بە
مەیدان هەموو مەی دانە بە کاسات و بە تاسات

"نالی" یەک و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست
مەعلوومی بووە زۆر و کەمیی خاریقی عادات

ل: ١٣٧

شیعرەکان لە دیوانی نالی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی موددەریس و فاتح عەبدولکەریم وەرگیراون، تەنیا هێما بۆ لاپەڕەکان کراون.

تەنی ڕازیی بە خەشین پۆشییی و وەک شێر و شوتور
بێ نیازە لە برێشم تەنی یو پیلەتەنی

گوتم ئەی قیبلە قوزە! بۆچی بە تەحریری حەریر
ڕاغیبی لیبسی عەجەم، تاریکی بەرگی یەمەنی؟

گوتی تاجی عەرەب و، نالی عەبا فەرموو یان:
عەیبە تەن پەروەری یو نەرمی یو نازک بەدەنی

ئێمە مەردین و هەموو شێری خەشین پۆشی مەساف
کرمی قەز هەرچی تەنیی، بو تەنی نیسوانی تەنی

قەز، برێشم، کە حەرامە لە ڕەجول، نەک نیسوان
سوننەتی شەرعە، ئەگەر تابیعی ئەهلی سونەنی

تەرکی ئارایشی تەن ئەقەی ڕەواجی عەرەبە
تۆ عەجەم، مەردی موزەخرەف تەنی یو قەڵبەزەنی

میللەتی کورد و عەرەب هەردوو یەکە تەفرەقە بوون
لە جەفاو و میحەنی مولکی (سەبا)و و یەمەنی

وەکو ئەو کرمە لە نێو قوبەیی ئەبریشمدا
عاقیبەت موردەیی یەنسی عەمەل و بێ کەفەنی

چونکە "نالی"! لەسەر ئەم ئەرزە عەریبی وەتەنی
هەستە باری مەدەنی بە، مەدەنی بە، مەدەنی

ل: ٦٦٧

قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنی،
قەدری ئەو کەمتر و، هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی

تاغیی و باغیی و باغی گوڵ و ئەیرەنگ و فەنی
شاد و شادابە بەگوڵ ئاتەشی یو ئارەوەنی

هێندە دڵ خۆشە لەبەر سەبزی یو دار و دەوەنی،
کە دەرەقسێ وەکو شاخ و فەنەن و ئەستەرەنی

لە خەزان بێ خەبەرە بەرگی بەهار و چەمەنی
بێ بەقاییی گوڵ و سەرو و سەمەن و یاسەمەنی

فەلەکی میهر مەهی، وەقتە تەواو بێ زەمەنی
کەوکەبەی ئەنجومی یو دائیرەیی ئەنجومەنی

خوانی ئەلوانی زەمین و سەفی سینی و سەحەنی
تەشت و تاس و تەبەق و لەنگەر و شەمع و لەگەنی

من وەکو ڕەعدم و تۆ وەک گوڵ و سەبزەی دیمەنی
من دەگریێم و دەناڵێنم و تۆ پێدەکەنی

ئەی دەراتوو لە دو مەجرایی دو میزایی مەبال
مەبە بادی وەکو خەرزیە بە هەوای کیبر و مەنی

ساقی! وەرە، مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی
گەر مایلی تەوفی حەرەم و بەیتی عەتیقی!

یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حەقیقی

مرواریی ئەشکم وەکو یاقووتی، ڕەوانە
ساقی! بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی..

دائیم لە حەزەردا سەفەریی بە.. لە وەتەندا
غوربەت کەش و عاجز بە، ئەگەر ئەهلی تەریقی

خەڵقی کە هەموو کۆدەکن و بەستە زوبانن،
با بێن و لە "نالی" ببیەن شیعری سەلیقی

ل: ٦٥٥

دەورانییە، وەک هێڵەکی سەودا، سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم

هەر پەرچەم و پێشانییە فیکری شەو و ڕۆژم
هەر گەردەن و زوڵفە ئەمەلی دوور و درێژم

بێ دیدەو و دیداری، هەموو خوێنە دەگریێم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ، لالە دەنێژم

ڕەنگ و ئەسەری شۆڕشی لەعلی ئەمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سوورییو سوێرییە دەڕێژم

بێ نیبەتی تەقبیلی دەمت عاتیلە ڕۆژووم
بێ حەزرەتی میحرابی بڕۆت باتیلە نوێژم

"نالی" وەکو لالە کە شەهیدی غەم و داغە
لەم باغە بفەرموو کە ئەویش لێرە دەنێژم

ل: ٢٧٦



عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئیستە خەمۆشم

لەوگەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت
بەو پێیە کەنارم کە پڕە دامەن و کۆشم

وەک تورڕەیی پێچیدەیی تۆ ساغ و شکستەم
وەک نەرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم

سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و، ئەمێستاش
قوربان، سەری تۆ خۆش، کە نەماوە سەری خۆشم!

شێخی یو سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشی
"نالی"م و بە ڕووتی لە هەموو دیلە دەپۆشم

ل: ٢٨٠

نالی

هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو
چونکە نەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو!

ئەی جامیعی دونیاو و قیامەت بە خەیاڵات
ئەو ڕۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو و نە ئەمت بوو!

بێزارە لە تۆ ئێستە، هەماغۆشی عەدووتە
دونیا، کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو!

دوێنێ چ بو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت؟!
ئەمڕۆ نە دەمت بوو، نە دەمت بوو، نە دەمت بوو!

عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا
بمرە لە غەمیدا کە هەموو سەرفی غەمت بوو

وەک شەڵتە پەین گەهـ پڕ و گەهـ خاڵییە بەطنت
صەوم و نەمەلت باعیسی نەفس و شکەمت بوو

"نالی" چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی،
خۆ تۆ بە حیسابی وەکو پەروانە شەمت بوو!!

ل: ٣٦٧



جۆشش و تابە لەنێو دیدەیی گریانمدا
چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی تۆفانمدا

شەبەهی زوڵفی شەبەهـ گۆنەیە، ڕووگەردانی
بەسەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا

شەرەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار
ئەسەری سۆزشی گریانە لە ئەفغانمدا

تۆ کە حۆریت، وەرە نێو جەنەتی دیدەم. چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سۆزانمدا؟!

قیمەتی ماچی دووسەد کیسەیی ساغە و، نیمە
غەیری یەک کیسەیی سەد پارە لە گیرفانمدا

شیرەیی جانە وتم یا مەیە؟ چا بوو فەرمووی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا

بەحسی سیرڕەی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێی
سەری موویێ نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا

"نالی"، ئەو نوقتە کەوا بوو بە نیشانەی چاوی
من لە سەفحەی ڕوخی ئەو دولبەرە نیشانم دا

ل: ٨٩

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)!

ئەی لوتفەکەت خەفییو هەوا خواه و هەمدەمە!
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوزوور!

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان:
تۆفانی دیدەو و شەرەری قەلبی وەک تەنوور!

گاهێ دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهێ دەبی بە دەم دەدەمێنی دەمی غورروور

مەحوی قەبووڵی خاتری عاتر شەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنوب و کزەی دەبوور

سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور

هەم هەم عەنانی ئاهم و، هەم هەم ڕیکابی ئەشک
ڕحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوسوور

وەک ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەک ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوە سوور)

بەو ئاوە خوت بشۆ لە کودووراتی سەر زەمین
شاد بن بە وەصلی یەکدی: کە تۆی تاهیر، ئەو تەهوور

ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چنوور

چەشمێکە میسلی خۆر کە لە سەد جێ، بە ڕۆشنی
فەورانی، نووری سافە لەسەر بەردی وەک بلوور

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕاکشێن وەک شەهابی نوور

یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە
یەنبوعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی توور

دەموت دوو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشک
ئەبوایە تیژ و بێ سەمەر و گەرم و سوێر و سوور

داخڵ ئەبی بە عەنبەری سارایی (خاک و خۆڵ)
هەتا ئەکەی بە خاکی (سولەیمانی) یا عوبوور

یەعنی ڕیازی ڕەوزە کە تێدا بەچەن دەمێ
موشکین دەبی بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور

خاکی میزاجی عەنبەر و، داری ڕەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نوور

شامی هەموو نەهار و، فوسوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بوخوور

شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگێکە خۆش و نەرم
بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن شاری شارەزوور

ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیری نوموور

سەیرێ بکە لە بەرد و لە داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ڕوور

داخۆ دەروونی شەق ئەبووە (پردی سەرشەقام)؟!
پیر و فوتادە تەن ئەبووە (داری پیرمەسوور)؟!

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەمداری (شێخ هەباس)،
یا بێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور؟!

ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)،
یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور؟!

(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف،
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟!

ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانیی ئاسکان)،
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لوورەلوور؟!

ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)،
یاخۆ بووە بە سۆفییی وشکی لە حەق بە دوور؟!

داخو دەروونی سافە، گورەی ماوە (تانجەرۆ)،
یاخۆ ئەسیری خاکە بە لێڵی دەکا عوبوور؟!

سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە
ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟!

سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە وەک خەتتی ڕوویی یار
یا پووشی وشک و زۆرە وەکو ڕیشی (کاکە سوور)؟!

قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین،
یا وەک سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهوور؟!

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن،
یا حەڵقەیانە سۆفییی مل خوار و مەندەبوور؟!

مەیلێ بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە:
ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یا نە سوور؟!

حەوزی پڕی کە ئائیبی دیدەی منە لەوێ،
لێلاوی دانەهاتووە وەک سەیلی (شیوەسوور)؟!

ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە،
یاریی تیایە، یا بووەتە مەعرەزی نوفوور؟

چاوێ بخە لەسەبزەوو سێرابی دائیرە
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمە نەرمە یا نە زوور!

توخوا فەزایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش
مەحشەر میسالە یا بووەتە (چۆڵی سەلم و توور)؟

واسیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چیی ماوە، چیی نەماوە، لە هەیوان و تاق و ژوور!

ئەو غاری یارە ئیستە پڕ ئەغیارە، یا ئە خۆ
هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مار و موور!

زارم وەکو هیلال و ئەحیفم وەکو خەیاڵ!
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوتوور

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور!

ئایا مەقامی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە،
یا مەسڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور!

حاڵیی بکە بە خوفیە : کە ئەی یاری سەنگ دڵ
"نالی" لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور...

ل: ١٧٤

هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر! تەی کەری هەوارز و لێژ
سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ

بن زک و جەبھەت سپی، کلک ئێستر و دامەن سیا
یەککە تاز و، سێ بر و، دوو باد و، شەش دانگ و درێژ

کەللە وەک جەرڕەی شەرابی پڕ نیشات و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ

مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهوو شکەم، مەیموون قەدەم
سم خڕ و کلک ئێستر و، مەنزل بڕ و، عارەق نەڕێژ

زەرق و زەرڕاقیی وەکو خاکستەر، ئەمما بێ غوبار
بەرق و بەرڕاقیی وەکو پیرۆزە، لاکین بێ کرێژ

سم وەکو یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنگوون
چاو وەکو بیجادە یا دوو شەو چراغی شوعلەڕێژ

گوێ درێژیێ بار و کورتان بەرز و، پالانیی بەزێن
چوست و ورياتر لە گوێ کورتانی پالانیی و گێژ

قانیعی بابی ڕەزا و ڕازی بە پووش و درک و داڵ
سالیکی سەبر و تەحەممول، بوردەبار و هیچ نەوێژ

عاقڵی بوو ناوی کەر بوو، قانیعی ڕێگەی سەفەر
خۆش سلووک تر بوو لە سەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و وێژ

(صائم الدهر)ی بە ڕۆژ، ئەمما بە ڕۆژووی بێ نییەت
(قائم الليل)ی سلووک، ئەمما سلووکی بێ نوێژ!..

چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت "نالیا"
هەر دوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ

ل: ٢٢٤

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشوویی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن
حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن

نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن، کورتە بەنەفشەن
موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و، هەم لالە کولاهن

گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو سەف و، ئاتەش بە کەف و، تیز نیگاهن

سەحرا بە تەجەللیی دەکەنە وادییی ئەیمەن
قامەت شەجەر و، مەزهەری ئەڵتافی ئیلاهن

گەهـ تاوس و گەهـ کەبکن و، گەهـ بۆ قەلەموونن
گەهـ ئاتەش و، گەهـ شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن

لالەن بە بەدەن، ئەتڵەسی ئەخزەر کە لەبەرکەن
ئەوڕەستە گوڵن، بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن

تەنهایی سەمەن بەرگی بەنەوشە کە لەبەرکەن،
وەک نووری دڵی مونمین و، زوڵماتی گوناهن

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەر و قەدانە،
سۆفی لە تەڵەبدان و، هەموو سالیکی ڕاهن

بۆ زوڵف و ڕوخ و ئەبرووی چون زوڵفی سیاتان
عالەم وەکو "نالی" هەموو با ناڵەوو ئاهن

"نالی"! بە خودا حەیفە دەڕەنجێنی دڵی خۆت
ئەم تاقمە مەخسوسە هەموو ساحیبی جاهن

ل: ٣٤٠

شالی

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیولا نییە باس
لە حیکەم پەروەرییی بوو عەلی سینا نییە باس

سۆفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن
لەکن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس

بەزمی ڕەندانە ئەمە، مەلعەبەیی وەعز نییە
لە بەد و نێکیی یو قەللاییی دونیا نییە باس

ئەمە جێی ڕەمز و ئیشاراتی دەروونە، لە گەرووی
تەنگی پڕ غەرغەرەیی واعیزی غەڕڕا نییە باس

بە سەراوێزەیی چاوێنەیی کەللەی سەریان
لە کەی و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس

جێی زوبان گرتن و دڵ ڕۆشنی یو سووتانە
موقتەدا شەمعە کە خامۆش نییە ئەمما نییە باس

حەزرەتی هەیبەتە، نەک غەیبەت و ڕەیبەت "نالی"
ئەڵڵا ئەڵڵا، چ حوزوورێکە کە (أصلا) نییە باس!

ل: ٢٣٣



ئیلتیقای پۆلا و ئاسن هەر نیزاعە و گیر و دار
جەمعی ماء و نار و، زەند و، زەندەوو، مەرخ و عەفار

ئەم لەسەر تەعزیم و گەورە گرتنی ئەو بێ قوسوور
ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی زاری مار

ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران
ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەک قەترە و هەزار

ئەم بە چاوی دوڕڕ و بە سەر لەعلی هەدییە بۆ دەبا
ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار

نەزمی "نالی" میسلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە
دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر: یەک خەفی و یەک ئاشکار

ل:١٧٠



شەوی بەهاری جوانیی خەوێ بوو پڕ تەشویر
لە فەجری پایزی پیریی بەیانی دا تەعبیر

چ شەو، چ ڕۆژ؛ وەها کورتی لەهو و لەعب و میزاح
کە هەردوو وەک یەک چوون بە نەغمەیی بەم و زیر

نەسەف درێژی شەو و ڕۆژی ئەو شەو و ڕۆژەم
قوسووریان بووە تووڵی نەدامەتی تەقسیر

سەوادی توررەیی ئەو ئیشتیباهی سەهوی جوان
بەیازی غوررەیی ئەم ئینتیباهی سوجدەیی پیر

وەکو ئەهاری بەهاری درێژ و پاییزی کورت
ئەمەل گەلێک و تەویل و عەمەل کەمێک و قەسیر

غوباری ئەو شەو و ڕۆژەن ڕدێنی ماش و برنج
کە تێکەڵن شەبەهی سوبح و شام و شیر و قیر

سپی ئەزیرە هەموو موو لە سیرڕی (وجە) لە سەر
مونەووەرە، لە تەرەف نوورەوە بووە بە ئەزیر

مرووری ئەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە ڕەمەق
زبوولی نیکسە دەگێڕێ کە عەکسی ڕیش بە شیر

دەلیلی ڕۆشنە بۆ بەدنو عەود و کورتیی عومر
تەنی هیلال کە بە تەلعەت جوان، بە خەلعەت پیر

لە شەرحی هەینەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی
سەقیمە، عاجزە تەسحیح و ڕابیتی تەدبیر

تێدا حەدیسی حەداسەت زەعیف و مەتروکە
کە قەتعە سیحەتی ئیسنادی عەنعەنی تەقریر

چ مشت و پەنجە؛ وەکو مشتی شانە ڕەق کە دەڵێی
لە شانیدا نەبووە دەست و بردی کوشت و گیر

چ قەد کەوانێ؛ وەکو پێ شکاو و ئوفتادە،
کە بازی سێ قەدەمی قەت نەداوە وەک پەڕی تیر

لە ئەحو و سەرفی ئەداتی مەپرسە ئەی موعریب
کە ڕەفع و ئەسب و جەڕ و جەزمە نالەتی تەقریر

وەها سەقیم و موجەززا عەوامیلی ئەجزا
کە نالەتی عەمەلی ئەحوی مەحوی سەحوی زەمیر

حوروفی جەڕڕە تێیاندا نەماوە ناوی عەمەل
هەموو موعەللەق و مولغایی عامیلی تەقدیر

بە غەیری (عەن) کە لە بۆ ئەزع و عەزلی زەنبوورە
کە ژاری ماری ئەچێژێ عوسەیلەیی هەنجیر

خورووجی (با) لە لوسوق و (عەلا) لە ئیستیعلا
دوخوولی عەتبەیی (عەن) فاسیلە لە تیری جەفیر

ئەلیف ئەکیرەوو بێگانە، نایەتە تەعریف
عەلەم موشابیهی غەیر و مولازیمی تەنکیر

ل: ٢٠٤

وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتوومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومە داو

دوودی سەرمیچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازە کۆن
بان و دیواری بە میسلی لانکەی ئەجزا شکاو

هەر لە سەربان دار بە داری ڕایەڵی بژمێرە وەک
لا پەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێ بە ناو

ڕۆژ و شەو خۆش خۆش لەباتیی کاگەڵای پێدا دەکەن
وەک گەڵارێزانی پایز یەک یەکی دەڕژێتە ناو

هەر لە ئێستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ
ڕەنگە ناوی لێ بنێی چوار تاقی سەرما تێ خزاو

ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین:
ئەی خودا چ بکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو!!

ڕۆژی هاوینی وەها مسقاڵە زەڕڕەی پڕ دەبێ
نیمە زەڕڕێک سێبەری تێدا نییە غەیرەز هەتاو

فەسڵی هاوینی جەهەننەم، فەسڵی ئێستای زەمهەریر
زەمهەریر کەی وا بە تەئسیرە و جەهەننەم وا بە تاو!!

ئەییری ئەعزەم وەها تاوی دەدا وەک مەنجەنیق
بۆ دەوامی ڕۆژپەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو

دار و بەردی پەنجەرەی وەک ئەسجی بەیتی عەنکەبووت
مەنعی هیچ ناکا حەتا مێشیش کە خۆی لێدا بە تاو

ڕۆژی تەرزە چەندە مینای دڵ شکێنە و سەر شکێن!
ڕۆژی باران چەن شڕە و بێ عیسمەتە و ئابڕۆ تکاو!

ڕۆژی بەفر و با وەکاشە، ڕۆژی باران قوففەیە!
ساحیبی لازم کە بیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو

کاسە بۆیە لازمە تا ناردەڵۆکی دەربدا!
سەوڵی بۆیە لازمە نەک جۆگەلە بیبا بە تاو

وەزعی ئاشی گەر نەبێ، بۆچی دەبێ پڕ ناردەڵۆک؟!
تەبعی قوفقەی گەر نەبێ، بۆچی دەنیشێتە سەراو؟!

کاسەوو کەوچک، حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەر وەکو
کیسەڵ و ماسی و جلە دێن و دەچن پرژ و بڵاو

ڕۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژە هاژ
شەو نییە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوە ژاو

ئاو دەلاقەی تێ دەخا چشت و مەکی پێدا دەبا
من لەوێ حەیران دەبم وەک ماڵ براو و ماڵ براو

حوجرەکە ئاوس بوو، وەعدەی خۆی بەهارێ بوو بزێ
وەزعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو

خۆزگی نیشتۆتە ئەرزی و تۆمەزا هێشتا وەکو
نوتفەکەی هەر ئاو بوو، بەریاوێت لەبەر هەور و هەڵاو

ئاسمان تەرزەی کە لێ دا، بەردەبارانمان ئەکا
سوختەکانمان ڕادەکەن، پاڵوو پساو و قوون دڕاو

ڕادەکەن بۆ جانیبی دوککانی جەڕڕاح و تەبیب
چاک و دامەن هەڵکراو و سەر شکاو و تەنگەتاو

لوتفی بانگوش بوو کەوا لەم حوجرەدا زانائدمان
گەر بەنی ئادەم بخنکێتن، سەراوە نەک بناو

چونکە ئەتکرد قوڕ بەسەریا تاوەکو تەسکین بێ
مەیدەرە بەر پێ لەقە، توخودا، بڵا بگریی بە تاو!

ل: ٣٥٥

مەستوورە کە حەسناوو ئەدیبە بەحیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ

هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە قەت مومکینە وابێ؟
هیی تۆم ئەگەر ئەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ

هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرا بێ
مومکین نییە کەس دەخلی بکا چین و خەتا بێ

ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ
(مەستوورە) بە مەستوورە دەبێ موهرە گوشا بێ

نوکتێکی زەریفە بەنەسیبی زورەفا بێ
تەعریفی دەکەم، بەڵکو لە بۆ دەرد شیفا بێ

ئەم سیرڕە چییە میسلی سوها بێ، ئەسوا بێ؟!
دورڕێ کە وەکو دورڕی سەما بێ، ئەسمابێ؟!

دوککانی توحەفـ، کانی حەیا، کانی بەقا بێ
قوبەی لە قیبابی نوقەبا بێ، ئەقوپابێ

وەک خەیمە بەپەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ
سەر تیلەکی ئەختێ بە ئەزاکەت قڵەشابێ

وەک هیممەتی سۆفیی کە لە نێو خەڵوە خزابێ
مەستوور و عەزیزی شەرەفـ و ڕیفعەت و جا بێ

یا کۆمەڵە زیو ی بوخەلا دوور لە سەخا بێ
موغلەق بە بەخیلی، بەمەسەل مشتی مەلا بێ

کاسێکی بلوورینی نخوونی لەسەرابێ
ئەختێکی لەبەر مەوجی لەتافەت قڵەشا بێ

یاخۆ پەڵە بەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ
قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ

کام ئاب و هەوا! موعتەدیلی ئەشنو نومابێ
یەعنیی لە وەسەت کانییە گەرمێکی تێ زا بێ

لەو کانییەدا چو زەرە ڕێواسێ ڕووا بێ
بەو چو زەرە ڕێواسە کەمێکی قڵەشا بێ

یا قەسری موعەللا کە لە ناوێنە کرابێ
یا غونچەیی ئەشگوفتە کە ناوی ئەدرابێ

یا گومبەدی ئەزهەتگەهی نێو باغچە سەرا بێ
ئەلوانی گوڵامێز و شەکەر بێزی تیابێ؟!

یا قورسی نمەک هەر وەکو مەڕمەڕ بەزیا بێ
جێی قەترەیە ناوێکی لەنێودا قڵەشابێ؟!

یا گردەکی گردێکی کە شیرین هەڵێدابێ
گردی نمەکین، یەعنی گیای لێ ئەڕووا بێ

دامێنی بە ئەنواعی گوڵ و مڵ خەملابێ
گەنجێکی تێدا بێ کە تیلەسمی ئەشکا بێ

حوققێکی زەڕی سافی لەسەر بانی نرا بێ
ئەختێکی بەسەد سەنعەتی (مانی) قڵەشا بێ؟!

یا ڕەنسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ
غەڵتان و سەراسیمە: نە دایکێک و نە بابێ

فێسێکی سپی و توندی لە کەللەی کەلی نابێ
هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاسی نەدرابێ

چەسپیدەوو خڕ هەر وەکو بەر قاڵبی دابێ
ئەختێکی لەبەر توندیی و سفتی قڵەشابێ؟!

دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ
دوورڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی سەفا بێ

بەیزێکی شوتورمورغیی کەوا تازە کرابێ
وەک بەیزەیی بەیزا بەزیاوو بە سەنا بێ

خڕچێکی مودەووەر، بەعەسەل ناوی درابێ
ئەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشا بێ؟!

یاخۆ وەکو خۆی شاهیدە، با وەسفی وەها بێ:
سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵێدابێ

یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەڵا بێ

بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی نەدا بێ
نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزی قڵەشابێ؟!

یاخۆ، مەسەلا، میسلی نەوا بێت و نەوا بێ
مەشهوور و خەفیی هەر وەکو عەنقاوو وەفا بێ

ساحێب زەڕ و زیوێ کە فریبی عوقەلا بێ
نیکسیری تەڵای ئەحمەری چەند قەترە لە لا بێ

دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرا بێ
چەند خوێنی ڕژا بێت و چ خوێنی نەڕژا بێ

کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ
تەرکێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی گا بێ؟!

▬

دێوانە کە زانی کە دەبێ عوقدە گوشا بێ
هەستا و گوتی: ئەشکی ڕەوانم بەفیدا بێ!

ئەم ساحێبی تەشریحە دەبێ هەینەتی چا بێ
هەم شاریح و هەم جاریح و موورزیحە گوشا بێ

بۆ توند و ڕەقی مەتنی مەتینی حوکەما بێ
تەدقیقی ئەمیش سیرڕە دەبێ خوفیە ئەدا بێ

نەرم و خۆش و مونتیج، وەکو بەستی ئودەبا بێ
تووڵانی یو بەرجەستە وەکو دەستی دوعا بێ

شەو نائیم و قائیم، عەلەمی بابی ڕەزا بێ
بێ دیدە هەڵستێ بەمەسەل عەینی عەسا بێ

مەجزووبی توروق، مورتەعیشی لەرزش و تا بێ
سالیک ڕەوشی مەسلەکی ڕێگەی سولەحا بێ

فەرقێکی هەبێ: داخڵی میحرابی ڕەجا بێ
چاوێکی هەبێ: غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ

ڕێی حورمەت و بێ حورمەتی هەرگیز نەکوتا بێ
چەند ناوی ڕژا بێت و، چ ناوی نەڕژا بێ

لەم ڕێگە سەریشی کە بچێ، یەعنی کوژا بێ
گەردن کەچی بەرێیتە، قەدەم ڕەنجەکە، سا بێ

تا گەرمڕەوی ڕێگەیی زوڵماتی بەقا بێ
(ماء الخضر)ت قەترە لەسەر قەترە فیدا بێ

کێ بێ وەکو تۆ بەم شەوە ڕەحمی بەمنا بێ!
مەجزووبە سیفەت، یەعنی سیلەی ڕەحمی تێدا بێ!

هەم جازیبەوو قابیلەیی ئەخز و عەتا بێ!
مەستوورەوو مەخفیی، شەبەهی بادی سەبا بێ!

مەستانە هەڵستێت و بەکو یریی ڕوقەبا بێ
ئەم بابە زەنە گەرم و تەڕی کا بەکەبابێ

***

(نالی) وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ
ڕووڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ

تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ،
دەروێش و گەدا شاه و دەبێ شاه گەدا بێ

وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ
نەک بە حسی سورروور و عەلەم و بادی هەوا بێ..

ل: ٦٠٣

سابوونی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلووس
خاسییەتی ڕەققیی هەیە نەرمیی زوبانی لووس

ئەی دڵ! خەراجی حاسڵی زوڵماتی بەحر و بەڕ
میراتی ئیعتیبارە لە فورزەندی فەیلەقووس

بونیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی کیسرەوی
دانانی زوڵم و ڕووڕەشییە تەختی ئابنووس

بنوارە بوونی ئەووەڵت و چوونی ئاخرت:
هاتی چ ڕووت و قووت و هەڵاتی چ لووس و پووس؟!

گەر فەڕڕ و تاج و زینەت و شەوکەت وەفای دەبوو
بێ دەردی سەر دەمانەوە بۆ تاوس و خەرووس

گەر ئاب و تابی جەننەتی یو دۆزەخیت دەوێ
بنوارە نێو چەوانی بەشووش و برۆی عەبووس

بۆ مەشقی عیشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی
"نالی" لە خامەدا بووەتە شاهی توڕڕەنووس

ل: ٢٣٧

ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزە سووک!
تیری موژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نووک

کوشتەی نیگاهی دیدەتە، گەر مەست، ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە، گەر شێخ، ئەگەر سولووک

نەقدی دڵێ کە رائیجی سەودایی تۆ نەبێ،
مەغشووش و کەم عەیارەوو هەم قەڵب و هەم چرووک

سۆفیی! وەرە ئەسەیری زوهووراتی باغ و ڕاغ
لایێ هەمووو شکۆفەو و، لایێ هەمووو گوڵووک

دەستی چناری ڕووت و، سەری شاخ و، لێوی گوڵ
ڕازانەوە بە خەلعەتی دیباو و بەرگ و تووک

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن
ساحێب کولاە و سایەوو بەرگن وەکو مولووک

کانی دەزێن بەناو و درەخت ئاوسن بە با
شاییی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بووک

وەک چاوی وشکە سۆفییەکانی لە دار و بەرد
دەردێن بە سەد تەرەننوم و گریان و نوکەنووک

ڕایێڵ و تار و پۆیی کولووی بەفرە، ئابشار
با بای دەدات و ماسییی پێدا دێ وەک مەکووک

شەبنم کە ئەزم و ئەسرە لە ئەوراقی غونچەدا
گۆیا بووە بە زار و زوبان و ددان و پووک:

"نالی" عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک

ل: ٢٥٥

ڕەفیقان! من ئەوا ڕۆییم لەلاتان
لە مەزڵوومان بڵا چۆڵ بێ وڵاتان

بڵا سا شار بە شار و دێ بە دێ بین
لە دەس یاران بکەین تەیی وڵاتان

مەڵێن کەڵکی نەبوو، ڕۆیی، جەهەننەم!
سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان

سەفەرمان چونکە ڕێی هات و نەهاتە
دوعامان بۆ بکەن، ئێوە و خوداتان!

منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من بڕۆم، بشکێ سوپاتان

شکاری وەحشییان بەس دەستەمۆ کەن
ئەوەک بەر بێ شکاری خانەزاتان

ئەوەندە ئەرجوو دەکا "نالی" کە جار جار
بکەن یادی موحیببی بێ ڕیاتان

ل: ٣١٧

ئەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
ئەچم، شەرت بێ، هەتا ئەو خوارە بێ تۆ

دەروونم خاڵییە، وەک نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ!

بینایيم کوێرە، هەڵنایێ بە ڕووی کەس
موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ

هەموو ئەعزایی ناڵینم دەناڵێ
سەراپام میسلی مۆسیقارە بێ تۆ

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ

لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ

لەکن من با وجوودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ

هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ

هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەنای مردنی پێرارە بێ تۆ

لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی "نالی"
دوو جۆگە، بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ

ل: ٣٨٠

زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب
شیعری لەف و نەشرن، چ موشەووەش، چ مورەتتەب

جێی دەم دەمە، جێی لەب لەبە، ساقی وەرە نەمشەب
هەم ماچی دەمادەم بدە، هەم جامی لەباڵەب

بەو شەهدی کەلامەت کە بە نیشرابی لەتافەت
لەززەت دەگەیینی بە دڵ و زیهنی موخاتەب

عاجز مەبە هەرگیز لە درۆ و نیفکی حەسوودان
دونیایە، دەبێ سەگ بووەڕێ، شیعە بکا سەب

وەک سۆفییی سافی مەبە ئالوودە بە دونیا
بێهوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب

عاشق هەوەسی مەیکەدەو و عیلمی بەسیتە
عاقڵ تەلەبی مەدرەسەو و جەهلی مورەکەب

قاروونە فەلەک، موستەحەقی گرتن و خەسفە
زیو و زەڕی شەمس و قەمەرە، دیرهەمی کەوکەب

قەللابی جیهان نەقدی عەیاری نییە قوربان
"نالی" مەحەکی هیممەتی کردوویە موجەڕڕەب

ل: ١٣٣

لایقی مەخزەنی تەبعە هەموو کەنزی غەزەلم
قابیلی زەربی ڕەواجە زەڕ و زیوی مەسەلم

سایەیی پایە وەکو باڵی هوما و بازی سپیم
نە وەکو بوومی قەدەم شووم و، نە هەمرەنگی قەلم

کەوکەبەی تەلعەتی شاهانەیی تۆم بورهانە:
کە لەسەر موددەعی، سوڵتانی موبینە جەدەلم

ڕۆژ سەری کوڵمتە ڕووناکییی نووری بەسەرم
شەو خەمی زوڵفتە تاریکییی توولی ئەمەلم

حەرەکاتم سەکەنات و سەکەناتم حەرەکات
چوستە، سستی، قەوییە زیعف و سەریعە کەسەلم

پێش و کەم بێ شکەم و حیرس، وەکو تیفلی ڕەزیع
زاوییە پێشکەم و، بێ شکم و بێ حییەلم

خوانی ذی شانی جیهان هەنگی خۆشاهەنگە، وەلێ
مێشی دەم نۆشم و، دوم نێشم و، عەکسی عەسەلم

عاجیزی شوکری تەمامی نیعەمم سەر تا پا
کە نە ڕیش بەڵم و، نە کۆسە و، نەکەل و گۆج و شەلم

"نالی"ی و سینەیی بێ کینەیی چاکم، ئەمما
چاکی دامەن تەڕم و وشکە سەرابی عەمەلم

ل: ٢٨٨

بنوارە وشکە سۆفیی و ڕەقسی بە هەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە

ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و کوڵخەنی ئەمەل
هەندی بووە بە مەسجید و، هەندی بە مەزبەلە

شێخم، چ گەرمە حەڵقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەک!
حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە!

دانیم لە دووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیاو
بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بوویی بە سەرگەلە!

دنیا مەحەللی کەون و فەسادێکە، حیز و دوون
مەعلوومە چەن بەحیلەیە، عەییارە، چەند دەڵە!

تۆ شێخ و ئەو عەجووزە، عەجەب دۆستی یەکترن!
بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە..

"نالی"! سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا
لایێ پڕە لە مەشعەلە، لایێ پڕە لە مەشغەلە..

ل: ٤٦٦

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەننایێکە
گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە

وەرە سەر سەیری سەفاگاهی نەزەرگەی چاوم
کە عەجەب مەنزەرەیی سەیر و تەماشایێکە

سۆزشێکی نەفەس و شۆڕشی نائیی نابێ
هەریەکە نەوعە غینایێکە، بە مەعنایێکە

حەڵقە حەڵقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زوڵفت
بۆ دڵی خەستە کەوا بەستەیی هەودایێکە؟!

هەردەمە فەرشی کەسێکی کەیە بێ مەهر و نیکاح
دوور لە چاکانی، عەجەب فاحیشە دنیایێکە!

"نالی" ئاسوودە نییە توولی تەمامی عومرت
بە نەفەس دێت و دەچێت، ئەسڵی لەسەر بایێکە

ل: ٤٦١

گەرمیی و تەڕپی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵاڵەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە

لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ
ناوی کە پڕ خەڵووزە بە شەبنم گەشایەوە

گوڵ زاری وا، کە هەرچی دەمێکی بو پێکەنی
غونچەی گەشا کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە

فەسڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر
وشکیی بە غەیری سۆفی یو عاسای نەمایەوە

لەم فەیزی نوورە هەرچی کەوا نارە مردووە
بەم نەفخی سوورە هەرچی کە خاکە ژیایەوە

هەنجیری ئەو شکۆفە کە پڕ بوو لە شیری ساف،
تیفلی عینەب شکۆفەیی کرد و ڕشایەوە

دایەی زەمین کە حامیلی ئەبنایی مەحشەرە
هەر تۆوێکی تیا کە ئەمانەت بوو، دایەوە

سونبول لەبەر ڕوعوونەتی شمشادی تازەدا
هات و بە تەعن و دەورە بەسەریا شکایەوە

خەزرا، دەڵێی زەمینە بە (چین) و (خەتا)یەوە
غەبرا، دەڵێی سەمایە، بە شەمس و سوهایەوە

(برد العجوز)ەیێکی کە نەیبوو بە غەیری بەرد
دنیا ئەمە چ ڕەنگە، چ بێنێکە دایەوە!

غەیری تەڕپیی عیشقی حەرارەت نوما، ئەما
بەفریش لە سەرد و گەرمی خەجاڵەت توایەوە

هەر چاوەیێ کە وشک و عەقیمی بوڵەندییە،
وەک تەبعی من بە نەزمی خوشی نەغمە زایەوە

ساف و ڕەوان و نەرمە وەکو زمزەم و فورات
نەک ڕەنگی نیلە یەعنی کە هات و گەڕایەوە

سۆفیی ڕیایە خەڵوەتی، بێنی بەهاری کرد
هاتەدەرێ لە سایەیی چایەر، حەسایەوە

"نالی" بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

ل: ٥٤٨

بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنەو و بازاڕییە
چونکە ناگاتە گونی دیوانەکەی، لێی عاریە

من لە بێ بەرگیی (مەخە)م پرسیی، کە بۆچ ڕووتی؟ وتی:
"ڕەببی من شێت بم، ئەگەر شاد بم بە بەرگی عاریە!"

خەلعەتی تەشریفی هەرکەس بێ چییە، غەیری کەفەن!
هەر ئەوە هەم فاخیرە و بۆ ناخیرە و یەکجارییە

کونجی ڕاحەت، تاجی عیززەت خاریجی مەعموورەیە
کوندەبوو هەر بانگە بانگ و هودهودیش هاوارییە

پۆست بە کۆڵی (عامیری) فەرمووی کەوا بۆ پوختە بوون
جەوتی سەرکێوان گەلێ چاتر لە (تاڵیی شاری)یە

قوش قوشی ڕاوی نەبێ، مورغی کولانە و ئاخورە
سەگ سەگی تازی نەبێ، کادینی یو نەنبارییە

فەرقی کۆساران لە پاساران دەفەرمووی وەک چییە!
وەک عەزیزیی باز و وەک بێ حورمەتیی پاسارییە

سەهم هەتا جوعبە نشین بێ، گۆنە زەردی خەڵوەتە
قەوس هەتا چللە گوزین بێ، هەر ئەسیری خوارییە

نوسخی "تالی" ڕەنگە هەر کەس بیبیێ، بیکاتە گوێ
چونکە نەزمی ساف و وردە، هەر وەکو مروارییە

ل: ٥٧٨

ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە
ئەی شەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە

عادەتێکی هەیە هەرگیز لە کەسێ ناپرسێ
زاڵمێکی وەیە قەت خەوفی خوداوەندی نییە

دەرحەقی من زەهر و سرکەفرۆشە بە برۆ
دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەرخەندی نییە

دولبەرێکم هەیە مەشهوورە بە بێ مانەندیی
بێ شک و شوبهە، خودا شاهیدە، مانەندی نییە

ئەهلی دنیایی لەبەر حیرس و تەمەع هوشیارن
بە خوسووسی بگەڕێیی مەست و خیردەمەندی نییە

خانەقاش هەروەکو مەیخانە، کە هەر ئاوا بێ
مەجلیسێکی هەیە، ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە

واقیعەن خانەقە خۆش زەمزەمەیێکی تێدا -
یە، بەڵا قەندی هەیە، گەندی هەیە، ڕەندی نییە

مەدرەسە، مەحبەسەیە، مەبحەسەیی وەسوەسەیە
کەسی تێدا هەیە، ئەمما خۆش و خورسەندی نییە

تالیبی ڕاهی (حیجاز)م، لە (موخالیف) هەڵدەن
بێ (نەوا) قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە

شیعرەکانم، کە جگەرگۆشی منن، دەربەدەرن
دڵی "نالی" چ ڕەقە، قەت غەمی فرزەندی نییە!

ل: ٥٩٢

(حلقه در گوش)ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە
با ئەناڵێ، لێی مەدە (عن لطمه کف الکفه)!

ئەی، کە ساحیب سیرڕە، سەرتا پا بە ئەمری (کن) کونە
باتینی (قف قف علی سری)، بە زاهیر قەف قەفە

خۆشترە عوزری گونەهکاران لە سەد زیکری ڕییا
ئەم بە ئەرمی عەفوە عەفوە، ئەو بە توندیی عەف عەفە

شێخی یو سەر لنگە دەستاڕی بە دەستاری بو زورگ
ڕەندم و دەستاری کەللەی من دەفە، ئەک میندەفە

خادیمیی مەخدوومییە، ماقووڵیی ناماقووڵییە
لەم دەرە ئاسەف سولەیمانە، سولەیمان ئاسەفە

ساحێبی (علم الکتاب)ە موتریبی هودهود ئەفەس
یا سولەیمانە لە (اخوان الصفا)، ئاسەف سەفە

جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی قیندیلی دڵە
شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفڕەف شاهی عالیی ڕەفڕەفە

تەبعی "تالی" توندە ئەمڕۆ، یا بە ئەشئەی نیم نیگاە
مەستی ڕەحڕاح و مەی و ڕاح و قەراح و قەرقەفە؟!

ل: ٤٥٠

بایێ لە تەرەف قیبلەمەوە دێت و وەزانە،
یا بۆیی هەناسەی دەمی غونچەی لەرەزانە؟!

ئەشکم، کە لەگەڵ عەشقمە، تیفلێکی فەهیمە
هۆشم، کە لەگەڵ خۆشمە، پیرێکی نەزانە

تیژاوی سورشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
ڕوخسارەیی زەردم وەکو ئەوراقی خەزانە

شێخم! وەرە دەر، فەسڵی بەهار و گوڵ و گەشتە
ئەییامی لە گەرمابە خزان وەقتی خەزانە!

ئەو شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە
ئەو ڕیشە بەسەر دارەوە ڕیسێکی بوزانە

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما
غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە

پڕ دانەیە، ئەمما ئەوەکو، دانەیی چەڵتووک
بەحرم وتووە، ئەک وەکو گۆلی مەرەزانە

حوسنی ئەزەرە ئەسڵی ئەزەر حوسنی بە عیسمەت
سۆفی کە دەکا تەرکی، بە ئینسانی مەزانە

ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە "نالی"ی دەدزن خەڵق
ئاویی نییە، وەک ئاگری بێ شەوقی دزانە

ل: ٤٧٧



ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتا کەی حیرسی وێرانە!
لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە، نازانە!

موسوڵمان! لێرە مانی خان و مانت هەر ئەمان دێنێ
پەشیمان بە کە دەرمانی ئەمانت مایەی ئیمانە

بلا بۆ کوندە بوو بێ، مفتی مشک و ماری کەندوو بێ
خەتیرەی گەنجی وێرانە، زەخیرەی کونجی کاشانە

بە قیبیەی عومری زایع گەر مورادت پێ تەدارەک بێ
حەیاتی مەککەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقسانە

چ مەککە! دار و بەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە
چ تەیبە! مانو خاکی مائیدەی ئەنواری ئیمانە

فیداکاری تەن و جان بە، لە ئاسانی هەراسان بە
کە داغ و دەردی ڕێگەی مەککە باغ و وەردی مەردانە

ئەگەرچی ڕێگە: خاکی خوێنە، دار و بەردی ئێسقانە،
نیشانەی تیری ڕێگەی عەشقە ئەم ئێسقانە سپیانە

وتم: داخۆ چییە سوور و سپی تێکەڵ؟ کە تێفکریم
سەراسەر کەللەیی ئوشتر، لەباڵەب خوێنی ئینسانە

بەڵێ بەم ڕێگەدا جەممازە جانبازە کە ڕۆژ و شەو
دەکا سەیر و سولووکی دائیمەن سەرخۆش و مەستانە

قەتاری زەنگ و قۆڕی نوشتر و ئێستر لەسەر کێوان
دەڵێی زیڕەی سەدای قاز و قوڵنگی نەوجی کەیوانە

چ ڕێگێکی سپی واشە، ئەوەندەی کەهکەشان دوورە
چ سەحراییکی شین ڕەنگە، بە قەد ئۆ ئاسمان پانە

مەگەر ڕێی حاجیانە وا تیا سەییارە سەییارە!
مەجەڕڕە ئالەتی جەڕڕی جەریری سارەبانانە!

فەزا بەحری موحیت و وشتری تێدا سەفینەی بەر
سەرابی میسلی نیل و دیجلەو و جەیحوون و عوممانە

لە سەد جێ کلکی نوشتر گەییە ئەرزی مەهلەکە، هێشتا
یەمی فەجی عەمیقی ناڵی هەر بێ قەعر و پایانە

لە نێو ڕێگی ڕەوانی قوم نوقوم بوو وشتر و بوو گوم
ئەما گوێی بیستنی (قم قم)، چ جای ئیمکانی هەستانە

تەنی حاجی لەسەر چوار چێوەیی ناجی دەڵێی نەعشە
لوعابی خۆر لەسەر ئیحرامی وەک کافووری ئەکفانە

مەڵێ: دەشتە، بڵێ: دنیا هەموو خانێکە ئەم حەوشە
چ حەوشێکە؟ کە ئافاقی حەسار، ئەفلاکی سەربانە

مەڵێ ڕێگەی کەشندە، یا کوشندە ئەژدەرە، یاخۆ
کەمەندە، یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە

عویوونی گەرم و سوێراوی میسالی چاوی گریانە
ڕوعوونی شاخی سووتاوی شەبیهی جەرگی بوریانە

لە بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی، لەعلی لەب تونشە
لەسەر ئابی سەرابی، سەروی سێرابی موغەیلانە

سماقی ئەحمەرە، یاقووتی ڕۆح و ئاگری ئەفسە؟!
حەساتی ئەبیەزە، یا شوهب و ئەجمی ڕەجمی شەیتانە؟!

بە زاهیر گەر مەگەس دارە، بە باتین سەد چەمەن زارە
بە سوورەت یەک بە یەک خارە، بە مەعنا سەد گولوستانە

ئەیستان و خەسەک زاری سونوفی شەوکەیی خاری
گەلێ خۆشتر لە سەروستان و دلکەش تر لە بوستانە

قەتاد و عەرفەج و خیتمیی و عەزات و عەوسەج و ئەسلی
چ دامەن گیر و شین و دڵ نشینی ڕێی غەریبانە!

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەک پاشە
حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە

لە باتیی لالەیی حەمرا جگەر پور داغی خورشیدە
لە باتیی سونبولی تاتا سەر و سەودا پەرێشانە

موغەیلانی جل و مێزەر دڕێنی سۆفییە، یەعنی
ئەمە ڕێی موحریمانی مەحرەمی سەر ڕووت و عوریانە

***

شوتوربانا! ئەمە پەرژینی باغی ڕەوزەیە، یاخۆ
عەرار و عەرعەر و بانی خیابانی بیابانە؟!

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەرقەتارت بم
کە دەمکێشێتە ڕەوزەی حەی وەکو مەجنوونی دێوانە

چ ڕەوزە؟ ڕەوزەیی جەننەت! چ جەننەت؟ جەننەتی قوربەت!
چ قوربەت؟ قوربەتی ڕاحەت! چ ڕاحەت؟ ڕاحەتی جانە!

مەقام و زەمزەمەی حادی، لە شەوقی کەعبەو و حوجرەی
مەقام و زەمزەمە، وا نوشتری هێنایە جۆلانە

سەریری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەڵیی سەوزی
دەڵێی تەسبیحی مورغانە، لەسەر تەختی سولەیمانە

کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لەسەر بوختی
دەناڵێنن لە شەوقی تەیبە وەک ئەستوونی حەننانە

چ نوورێکە لە نێو فانۆسی بەرگی کەعبەدا، زاهیر
دەکێشێ خەڵق و باتین ئیمتیسالی ئەمری یەزدانە؟!

چ جەزبە! جەزبەیی زەونە لە قیندیلی حەرەمدا، وا
دەبێ ئینسان لە تەوفیدا بسووتێ میسلی پەروانە

چ نوورێکە لە حوجرەی ڕەوزەدا وا قائیمە قوببەی،
قەوامی عەرش و فەرش و قەلبی ئینس و قالەبی جانە!

چ حوجرە! حوجرەیی عولیا، کەوا ئەعلەیینی خوددامی
دوڕی تاجی سەری قوتب و وەلییو شاه و سوڵتانە!

چ حوجرە! وا لەخاکی میللەتی دەوڵەت پەناهیدا
کەمینە خادیمی سوڵتان و شاهەنشاهی دەربانە!

چ قوببە! سیلسیلەی قیندیل و شەمعی باب و میحرابی
شوعاعی نووری دیدەی کەوکەبی ئەیوانی کەیوانە

مەکانی واسیتەی ئیمکان، مەکانەت بەخشی ئینس و جان
مەکینی لامەکان سەیران تێدا تەشریفی میوانە!

چ میوانێکە؟ ساحێب جێ و جاه و عیززەت و عەزمە
کە دوو عالەم توفەیلی دەعوەتی و ئەو ساحیبی خوانە!

موحەممەد، ئەحمەدی مورسەل، مونیری مینبەر و مەحفەل
بەشیری ئاخیر و ئەووەل، ئەزیری خوێش و بێگانە

سیراجی ئەنبییا، خەتمی ڕوسول، نووری موبینی حەق
کە عالی کەعب و قەدر و دەست و سەدر و خاتەمی شانە

لەسەر ئەو زوڵمەت ئابادی شەوی کوفرە کە تالیع بوو،
سەڵا هەستا لە ئینس و جان کە ڕۆژی نووری ئیمانە

لە نەفخی سوور و نەشری بەعسەتی دینی حەق نیحیا بوو
لە قەبری جاهیلییەت هاتەدەر هەرچی موسوڵمانە

لە سایەی نەمر و نەهیی، حەقق و باتیل بوو بە دوو فیرقە
بە میسلی فەرقی ڕۆژ و شەو کە فاریق نووری نیمانە

سەعادەت بوو بە نوور و ساعیدی زەڕوەی هیدایەت بوو
عەلامەت نووری نیمانی (بیلال) و (وەیس) و (سەلمان)ە

شەقاوەت بوو بە دوود و داخیلی کوورەی زەلالەت بوو
نەمارەت خوسری حوسرەو، کەسری کیسرا، شەققی نەیوانە

***

لە جوملەی موعجیز نەندەر موعجیزی: نەحکامی قورئانە
کە میعراجی بوڵەندی نەووەلی ئایاتی "سوبحان"ە

لە نووری موعجیزەی تیغی نەما قەت زوڵمەتی شوبهەت
کە ڕووناکیی شەوی میعراجی، ڕۆژی بەدری بورهانە

شەوەمما، شەوچراغی جەدی و سەور و مەرتەعی شامی
دووسەد قەرنی غەزالە و قۆچی سوبحی عیدی، قوربانە

لە خەوف و خەجڵەتی، بەدری شەهی نەنجوم سو پەهـ نیستەیش
کەهەڵدێ، زەردیی و سووریی لە تەلعەتیا نومایانە

شەوەمما، کەوکەبەی هەر کەوکەبی نیلی فەلەک دەتگوت
لە میسری ڕۆژی زینەت دەستی مووسای نیبنی عیمرانە

شەوەمما، غیبتەیی نووری سووەیدایی دڵ و دیدە
شەوەمما، خۆر تیاگۆیا لە شەرمی نووری پەنهانە

شەوەمما، ڕۆژی ڕۆشن نەیگەیشتێ گەرچی نیستاکەس
لە دووی شەو کەوتووە، دەڕوا بەسەر سەر، گەرمی سەیرانە

لە هیجری یووسفی میعراجی، یەعقووبی فەلەک، چاوی
نوجوومی بوو سپی، هێشتاکو هەر حەیران و سەهرانە

فەلەک پەردەی شەب ئەنئەر ڕۆژی سەر فانۆسی ئافاقی
زەمین و ئاسمان، لەم بانە تا ئەو بانە تابانە

شەوەمما سوبحی بیدارییی تالیع بوو کە جوبریلی
ئەمین بۆ خزمەتی تاها تیا مەئمووری فەرمانە

بە فەرموودەی خودا فەرمووی: بفەرموو! هەستە هەر ئیستە
لەجێی بەدری دوجاوو دوڕڕی یەکتا، دوڕڕی یەکدانە

ئەمن مەهدیی ئەتۆ هادیی، شەوی تەجرید و تەقریبە
لەبەرکە خەلعەتی قورئان و ئەم تەشریفی ڕیزوانە

کە مەدعووی لازەمان و لامەکان و قوربی بێچوونی
سواربە لەم بوراقە باریقە، لەم ڕەخشە ڕەخشانە

وەها هەستا بە باڵی جازیبەی قودرەت، لە نیوەی ڕێ
بەجێما ئەسپ و پەیک و ڕەفرەف و ئەم چەرخی دەورانە

موشەڕڕەف بوو بە تەختی عەرش و تاجی قووربی (عند الله)
بە هەرچیی دەرجی (او ادنی) و (ما اوحی)ی قورئانە

بە هەرچی چاوی دینی عیشقی تێدا شاهیدی سیدقە،
بە هەرچی دیدەیی عەقڵی تیا شەوکوێر و حەیرانە

موخەسسەس بوو، موڕەخخەس بوو بە ئەسرارێ کە تەقریری
ئەجەلل و ئەعزەم و ئەعلا لە تەعبیری سوخەندانە

پەیاپەی هاتەوە سەر جێگەیی گەرمی لەگەڵ توحفەی
سەلات و هەم سەلام بێ لەو حەبیبی پاکی سوبحانە

لەگەڵ ئال و لەگەڵ سەحبی، خوسووسەن چار یاری دین
ئەبوو بەکر و عومەر، عوسمان و حەیدەر شێری یەزدانە

بە قوربانی عولوومی ئەووەلین و ئاخیرینت بم
لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلتافی ڕەحمانە

موڕادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە، نەوەک نەعتە
بە چەن بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت سەنا خوانە

ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم، ئەمما
وەسیلەم تەیبەو و حیلمی شەفیع و فەزڵی مەننانە

بەسەر هاتوومە ئەو خاکەی کە هەر مسقاڵە زەڕڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە

ئەبوو ڕووم بێمە خاکی چاکی پاکی تەیبە، تا بیستم:
بە سەگ نابێ مولەووەس ئاوی زەرقا، بەحری ئیحسانە

چ زەرقا؛ بۆ سیاهیی دەفتەری هەر ئاسییە ماحی
چ تەیبە؛ بۆ تەباییی دەردی هەر دەرماندە دەرمانە

دەری ڕەحمەت کەوا بەحری موحیتی عاسییە "نالی"
تیا جان و تەن ئوفتادەی شەپۆلی سەیلی عیسیانە

ل:٤٨٢

نەفەس بگرە لە هاتوچوویی خۆڕایی هەتا ماوی
کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە هەر عومری بە با داوی

حەیاتت نەقدی تەحسیلی بەقاو و ڕیبحی ڕیزوانە
ئەتۆ دەیکەی بە مایەی دەخڵ و خەرج و کەسبی بەدناویی

عەجەب ماوم لە جەرگت، ئەی دڵەی غافڵ، کە مووددێکە
لەسەر ئەم ئاگرەم داناوی، هێشتا هەر نەبرژاوی

مەسەل دنیا ژن و چەرخیش خەرەک، دەم دەم بە دوخی غەم
ڕەگی تاری وجوودت با دەدا، هێشتاکو هەر خاوی

زەمانە چەرخ و چەرخی ئاسمانیشی، فەلەک فیلکە
سەری ڕشتەی وجوودی چەندە باداویی و هەر ماوی

مەگەر مەیخانەیە دنیا کەوا کاسی لەبەر کەئسی!
بە نەغمەی عودی سووتاوی، بە نەشئەی ئاسی ئاساوی!

ئەمێستەیش، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە
بە مەرگی تۆ، لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی تاڵاوی

هەوای سەیری بەڕ و بەحر ئاگری بەرداوەتە عومرت
کە تۆزێ مونعەقید خاکی، دڵۆپێ مونجەمید ئاوی!

کە خاکی، خاکی دامەن بە، وەگەر نە، تۆزی بەربادی
کە ئاوی، ئاوی گەوهەر بە، وەگەر نە، بڵقی سەرئاوی

هەتا شەقەی فەلەک نەبووە بە کافووریی کفن، هەستە
کە ئەمشەو فرسەتە، هێشتا فەلەک ماوی، ئەتۆش ماوی

ئەواڵەی تۆبە دەربێنە. هەتا ئەن ئەبوەنە سفرە
پیاڵەی شیشە شکێنە. هەتا وەک کو پە ئەشکوی

بە میعراجی سولوکی سالیکاندا تا ئەچی ڕۆژێ
لەناو جەهلی موڕەککەبدا دەمێنیی هەر وەکو ماوی

گەدا ئینسان و دنیا غوربەتە "من حیث لا تشعر"
بە هیممەت تالیبی چشتێکی نازانی بڵێی ناوی

شتێکە بێ شەبیهو جینس و فەسڵ و کەشف و تەقریرە
موبەڕڕایە لە تەقریر و حەدیسی حادیس و ڕاوی

ئەزانینت لەبەر عیجزە، ئەوەک جەهلە، کە ئەم چشتە
قەدیمە نایەتە تەقریری قەولی حاکی یو ڕاوی

لە قورئاندا بە (ما اخفي لهم) مەکتووم و مەختوومە
بەیان نایێ بە تەفسیری دووسەد (کەششاف) و (بەیزاوی)

موبەییەن بوو لە قورئاندا بە نووری (قرة الاعين)
نە وازیح بوو بە (کەششاف) و نە ڕۆشن بوو بە (بەیزاوی)

کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ، چ فەوقانی، چ تەحتانی
کە حوببت بۆ سیادەت بێ، چ (بەرزنجی)، چ (باراوی)

مەکە دەعوایی پاکییی نەسەب بۆ جیفەیی دونیا
کە سەییدبی، چ (بەرزنجی)، چ (پیریایی)، چ (باراوی)

وەرە ئەم نیکتەیە من پێت بڵێم "نالی" ئەگەر فەرزەن
هەموو دنیات بێ، هێشتاکو هەر حەیران و داماوی

وەرە ساقیی! بە شین و نەدەب و واوەی
ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی

دەزانی خۆ دەچینە جێی غەریبان
بە مەرگی خۆت ئەگەر چاوان سیا کەی!

گلە ناکەم ئەوەندەی دەنکە جۆیێ
ئەگەر کەللەی سەریشم پڕ لە کا کەی

هەموو وەقتم دوعایە: داخۆ کەی بێ
بە تیرێکم شەهیدی کەربەلا کەی؟!

چ خۆشە من وەکو تازی بنوڕم
ئەتۆش هەروەک غەزالەی بەڕ هەڕا کەی!

بە حەسرەت عومری من یەکبارە فەوتا
مەگەر عومرێ دووبارەم پێ عەتا کەی

گوتت: "نالی"! ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
خودا کەی بێ، خودا کەی بێ، خودا کەی!

ل: ٧٠٧

مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەت
شۆرە شەت یەعنی کە تێدا خود بە خود قەڵ بوو بە بەت

هەڵگرا، وەک مۆمی کافووری بە شەودا، موو بە مووم
دا سیاهیی ڕوو بخوێنم نوقتە نوقتە، خەت بە خەت

من دەڵێم شەو بوو بە ڕۆژ، ئەفسەم دەڵێ ڕۆژ بوو بە شەو
ئەو موسیبە، چونکە چاوی پێ سپی بوو، من غەلەت

ڕەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەتتی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپی، نووریش بەسەر ئەودا سەقەت

سەرد و گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش
پایزی، ڕوو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەت

وەجهەکەم نیسمی بەیاز، ئەمما وەرەق زەرد و سیاە
با موخەتتەت بێ بە کافووری کەشیدەی خۆش ئەمەت

چونکە لەوحی ڕووسییەهـ ڕوو زەردی بێ تەزیینییە
خوێنی چاوم جەدوەلی بێ، قەترەکانیشی نوقەت

نەقشی دوو موویی بە دوو ڕوویی دەبێتە عەیبی شەیب
ئاینەی ڕوو پاکییە، ڕووناکییە نوور و شەمەت

یا گەدایێکە غەنیی، یا پادشاهێکە فەقیر
لەم دووە خاڵیی نییە "نالی" لە ڕووی حەددی وەسەت

ل: ٢٤٢

# چاپی دیوانەکانی نالی

-دیوانی نالی چاپی (کوردی و مەریوانی) بەغدا ١٩٣١.
-دیوانی نالی شاعر شهیر کرد علی موقبیل سەنەندەجی١٩٤٨.
-دیوانی نالی یادگاری مەلا خزری شارەزووریە چاپخانەی کوردستان هەولێر ١٩٦٢ چاپی یەکەم، چاپی دووەم هەر لە هەولێر لەلایەن هەمان چاپخانەوە ساڵی ١٩٧٤.
-ئەو چاپانەی سەرەوە چەند جارێک لەلایەن چاپخانە و کتێبخانەی ئێران کۆپی کراونەتەوە.
-دیوانی نالی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم.. بەغدا ١٩٧٦.
-دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی د.مارف خەزنەدار بەغدا ١٩٧٧.
- چەندین دەستنووسی شیعرەکانی نالی-یش هەن کە لەلایەن ژمارەیەک لە مەلا و هەوادارانی شیعری کوردییەوە بە خەتی ئەوان نووسراونەتەوە، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ومارف خەزنەدار بۆ ساغکردنەوەی شیعرەکان پشتیان پێ بەستوون، لەوانە: دەستنووسی هەریەک لە (مەلا محەمەدی چروستانی و مەلا عارفی چنگنیانی و ڕەسوڵی حاجی ئەحمەدی توریەیی و مەلا عەزیزی ڕێشاوی و هی تریش.
دەڵێن دەستنووسێکیش هەبووە بە خەتی نالی خۆی و مۆرێکی هێلکەیی بە لاپەڕەکانییەوە بووە بە ناوی (مەلا خضر نالی) بەڵام دروستی ئەو دەستنووسە ساغ نەبۆتەوە.

# ROVAR

No: 64

## ئێستای ئەدەبی کوردییە


چاپخانەی
هەولێر - کوردستان
Aras Press
Kurdistan - Erbil